Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 156-207
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.4

ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# پەیوەندیی نێوان بوونناسی و جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدا

پ.ی.د. سیروان جبار ئەمین (زەند)
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Sirwan.amin@soran.edu.iq

م.ی. کاظم شێخ حسێن
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
kadhim.hussein@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "پەیوەندیی نێوان بوونناسی و جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدا" هەوڵێکە بۆ خستنە ڕووی تێڕوانینی عیرفانیی ناوبراو بۆ چەمکی جوانی و چەمکی بوون لە نێو جیهانبینیی عیرفانیدا و دەرخستنی ئەم پەیوەندییە لە شیعرەکانی شاعیردا و هێنانەوەی نموونەی شیعری بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەیوەندییەکە.

لەسەرەتادا چەمکی بوون و چەمکی جوانی بەگشتی ڕونکراونەتەوە و پاشان لە دنیای عیرفاندا باسیان لێوەکراوە، دواتر پەیوەندی نێوان جوانی و جوانیناسیی عیرفانی لەگەڵ بوون و بوونناسی خراونەتە ڕوو.

لە کۆتاییدا بە نمونەی شیعریی لەم ڕوانگەیەوە تەماشای بوون و جوانیناسیی عیرفانی و پەیوەندی نێوانیان کراوە.

**وشە کلیلییەکان:** بوون، جوانی، جوانیناسیی عیرفانی، شیعرەکانی بریفکانی.

# پەیوەندیی نێوان بوونناسی و جوانیناسیی عیرفانی
# لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدا

## پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە: (پەیوەندیی نێوان بوونناسی و جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدا)، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و دەرخستنی ئەو پەیوەندییە لە شیعرەکانی شاعیردا، بەو واتایەی نیشاندانی تێڕوانین و جیهانبینیی عیرفانە بۆ چەمکی بوون و جوانی لە سیستەمی هزری عیرفانیدا و دواجار نیشاندان و دەرخستنی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدا.

کەمی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەبارەی ڕەنگدانەوەی هزری عیرفانی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە، لە کاتێکدا هزری عیرفانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، لەناویشیدا بەدیاریکراوی بوونناسی و جوانیناسیی عیرفانی، کە کەم شاعیری کلاسیکی کورد هەیە ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتانە لە شیعرەکانیدا نەبێت ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیش بێت. هەڵبژاردنی شێخ نوورەددین بریفکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شیعرەکانی ڕەنگدەرەوەیەکی قووڵی هزری عیرفانین و ئەزموونێکی قووڵی عیرفانیش لەپشت شیعرەکانیەتی.

لێکۆڵینەوەکە دواجار خۆ بە خۆ دەتوانێت لە پاڵ لێکۆڵینەوەکانی تر کە لەسەر ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی نووسراون نیشاندەری

ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی بێت، وەکو بەشێک لە کلتوور و میراتی عیرفانیی ئیسلامی، چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە ڕوانگەی بوونناسی و جوانیناسییەوە دەبێتە خاڵێکی تری سەلماندنی پەیوەندی ئەدەبی عیرفانیی کوردی بە کلتووری عیرفانی ئیسلامییەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە تەنیا لە چوارچێوەی شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدایە. نموونەی دەقە شیعرییەکانیش لەو دیوانەی شێخ نوورەددین وەرگیراون، کە (زاهید بریفکانی) کۆیکردۆنەتەوە و ئامادەیکردوون، چونکە لەم دیوانەدا چەند شیعرێکی تێدایە، کە لەو دیوانەدا نییە، کە (شێخ وحدالدین قطب الدین) کۆیکردۆتەوە و ئامادەیکردووە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە (تیۆری – شیکاری)یە. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**بوون و بوونناسی**

بوون چییە؟ یان بوون چ واتایەکی هەیە؟ بێگومان ئەم پرسیارانە بنەڕەتیترین و سەرەکیترین پرسیارەکانی فەلسەفەن و گرنگترین پرسیار و کێشەکانی فەلسەفە پێکدەهێنن. لە ڕاستیدا دەکرێت بگوترێت فەلسەفە لێکۆڵینەوەیە لە بوون یان گەڕانە بەدوای واتای بووندا (محەمەد کەمال،٢٠١٤: ١٦)، بۆیە دەبینین هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەوە فەیلەسووفان لە هەوڵ و کۆششدان بۆ گەیشتن بە واتای بوون، ئەنجامی هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەش

بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی لە مێژووی فەلسەفەدا سەبارەت بە واتای بوون هێناوەتە ئاراوە.

لە بارەی پێناسەی (بوون)ەوە هەندێک کەس لەو باوەڕەدان بوون پێناسە ناکرێت، چونکە لە لایەک بوون نە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و نە فۆرمێک، تاوەکو بتوانین لە ڕێگەیەوە بوون پێناسە بکەین، لە لایەکی تریشەوە بوون یەکێکە لە بابەتە ڕوون و بەڵگە نەویستەکان و هیچ شتێک لە واتای بوون ڕوونتر نییە، تاوەکوو لە دوتوێی ئەودا بوون پێناسە بکەین (مراد وهبە، ٢٠٠٧: ٦٧٩)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەیلەسووفی ئەڵمانی (مارتن هایدیگەر) لەو باوەڕەدایە ئەگەر بوون  لە پێناسەکردن بەدەر بێت، ئەمە بە واتای لەناوبردنی پرسیارکردن نییە سەبارەت بە واتای بوون. جگە لەمەش هایدگەر پێی وایە هەرچەندە تێگەیشتنمان بۆ بوون هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا واتای بوون لەناو تاریکیدا ماوەتەوە (مارتن هایدیگەر ، ٢٠١٣: ٣٩). لێرەدا بۆ ڕۆشنکردنەوەی واتای بوون ئەو واتایانەی لە فەرهەنگی فەلسەفیدا بۆ بوون دیاری کراون، دەیانخەینەڕوو (منوچهر صانعی درەبیدی، ١٣٩٣: ٦٥٩–٦٦٠):

1. بوون: واتە ئەو شتەی کە دەرکەوتەی زاتی و جیا لە درککردنی هەبێت بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک لێی بەئاگابێت، لەو کاتەدا بوونی شت جیاوازە لە درککردنی.

2. بوون: بریتییە لە دەرکەوتەی ئەزموونی شت: ئەم دەرکەوتەیە یان کردەییە و لەو کاتەدا بابەتی درککرن شتێکی هەستی یان زاتییە، یاخود دەرکەوتەی وێناییە و لەم کاتەدا بابەتەکە بەڵگە هێنانەوەیەکی عەقڵییە.

3. بوون: حەقیقەتێکە کە هەمیشە بەدیهاتووە یان حەقیقەتێکە کە ئێمە لەناویدا دەژین. بوون لەو واتایەدا لە بەرامبەر حەقیقەتی ئەبستراکت و تیۆری بەکاردێت.

4. هەندێک کات مەبەست لە بوون، هاتنەبوون و دروست بوونە، لەو واتایەدا بوونی حەقیقی و واقعی دەگرێتەوە.

5. بوون بۆ دوو بەشی بوونی دەرەکی و بوونی هۆشەکی دابەش دەبێت: بوونی دەرەکی واتە بوونی ماددی و بوونی هۆشەکی واتە بوونی عەقڵی.

6. بە بڕوای هەندێک لە فەیلەسووفان بوون لە بەرامبەر چییەتیدا (ماهیەت) بەکاردێت، چونکە چییەتی بریتییە لە سروشتی عەقڵی شتەکان و بوونیش بریتییە لە بەدیهاتنی کردەیی ئەو شتە.

گەڕان بە دوای واتای بووندا بووەتە هۆی دەرکەوتنی دوو بۆچوونی دژ و ناکۆک لە مێژووی فەلسەفەدا، کە ئەوانیش (ئایدیالیزم و ماتریالیزم)ن، کە دید و تێڕوانینیان بۆ بوون پێچەوانەی یەکترە، چونکە ماتریالیستەکان ((بوون بە "ماتەر" دادەنێن و فۆرمی "ئایدیالی" لێدادەبڕن و باوەڕیان بە هێزێکی میتافیزیکی لە ماتەر بەدەر نییە ماتریالیستن. هەندێکی تریش بوون بە "ئایدیا" دادەنێن و ڕۆڵی ماتەر کەم دەکەنەوە ئەمانە "ئایدیالیستن")) (د. محەمەد کەمال، ٢٠١١: ٩-١٠). بەو واتایەی ماتریالیستەکان فۆرمێکی ماددی بە بوون دەبەخشن و بوون لە ماددەدا دەبیننەوە، بەڵام ئایدیالیستەکان سیفەتێکی ئەبستراکت بە بوون دەبەخشن و بوون لای ئەوان فۆرمێکی ماددی و بەر هەستی نییە.

ئەو لقەی لە فەلسەفەدا لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە و کاری گەڕانە بەدواوی واتای بووندا (ئۆنتۆلۆجی)یە. لە ڕووی زاراوەوە

ئۆنتۆلۆجی (ontology) وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بەش پێکهاتووە: (onto) بە واتای بوون و (logy) بە واتای زانست. هەردوو وشەکەش بەیەکەوە بە واتای زانستی بوون دێن (د. محەمەد کەمال،٢٠١١: ١١١). لە زمانی عەرەبیدا لە بەرامبەر زاراوەی ئۆنتۆلۆجی زاراوەی (علم الوجود) بەکاردێت و لە زمانی کوردیشدا (زانستی بوون) یان (بوونناسی) بەکاردێت.

**بوونناسیی عیرفانی**

لە بابەتی (بوون و بوونناسی)دا گوتمان کاری بوونناسی گەڕانە بەدوای واتای بووندا و لە هەوڵی ناسینی بنەڕەتی بووندایە، کە بوونی هەموو شتێکی لە سەر وەستاوە، لێرەشدا مەبەست لە بوونناسیی عیرفانی شتێکی جیا لەمە نییە و کاری بوونناسیی عیرفانیش گەڕانە بەدوای بنەڕەتی بووندا، بەو پێیەی عیرفانیش لێکدانەوە و ڕاڤەی خۆی لەبارەی واتای بوون هەیە خاوەنی جۆرێک لە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیەتی بۆ بوون، کە بنەماکانی بوونناسی خۆی لەسەر بنەمای ئەو ڕاڤە و لێکدانەوە و تێگەیشتنە بۆ بوون بنیاددەنێت. بێگومان بنەمای بوونناسیش لە جوانیناسیی عیرفانیدا لە گرنگترین بنەماکانە، چونکە باسی جوانی لە عیرفاندا پەیوەست بە باسی بوونەوە، و حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەها لە هەمان کاتدا حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهاشە، هەموو جوانییەکان بۆ ئەو بوونە دەگەڕێنەوە، بۆیە ئەگەر کاری بوونناسیی عیرفانی هەوڵدان بێت بۆ گەیشتن بە بوون، لە ڕاستیدا هەوڵدانیشە بۆ گەیشتن بە جوانیی ئەو بوونە، هەر تێگەیشتن و واتایەک بۆ ئەو بوونە بەدەست بێت، ئەوا جوانییەکەشی دەگرێتەوە، چونکە جوانییەکەشی بەشێکە لە زاتی ئەو بوونە. لێرەدا هەوڵدەدەین تێگەیشتنێکی گشتی لەبارەی

بوون و بوونناسیی عیرفانی بخەینەڕوو، لە بابەتەکانی دواتردا بەوردی واتای بوون لە عیرفاندا ڕووندەکەینەوە.

لە بارەی واتای بوون لە عیرفاندا ((عاریفان بوون لە تاکە بوونێکی یەکتای سادەدا دەبیننەوە، کە دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی وایکردووە لەگەڵ فرەییدا گونجاوبێت، دەرکەوتەکانی ئەم بوونە یەکتایە نیشانە و بەڵگەی هەمان بوونن و سیفەتەکانیشیان لەو بوونە یەکتا و سادەیەدا بەدەستهێناوە)) ( دکتر علی کریمیان صیقلانی،١٣٩٢: ٩٨). بەپێی ئەم تێڕوانینە بوون لە عیرفاندا بوونێکی یەکتای سادەیە. مەبەست لە یەکتای سادە (واحد البسیط) ئەوەیە، کە بوونێکی ((لێکدراو نییە، چونکە شتی لێکدراو لەبەرئەوەی لێکدراوە، بەتەنیایی نەیتوانیوە ببێتە وجود و لە فەلسەفەدا ئەم مەسەلەیە بە بوڕهانی فەلسەفی ئیسبات کراوە کە "مرکب" (لێکدراو) ، ناتەواوە و بۆ پەیدابوونی خۆی پێویستی بە هەبوونی شتەکانی ترە تا لەگەڵی لێکبدرێت و هۆکارەکانی هێنانە وجودی کامڵ بێت و خەڵق بێت)) ( محمد عبدالرحمن ابراهیم رواندی،٢٠٠٤: ١٦). کەواتە بوون لە عیرفاندا بوونێکی بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەرە، بەو واتایەی بنەڕەتی بوونی خۆی پێویستی بە هیچ شتێکی تر نییە، خۆی بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو شتێکە و بوونی هەموو شتێکی لەسەر وەستاوە، هەموو هەبووەکانی تر دەرکەوتنی ئەو بوونەن. لەسەر ئەم بنەمایەشە ((عاریفان باوەڕیان وایە کە بوون و هەبوون (وجود و موجود) یەک شتن. واتە بڕوایان بە یەکێتیی بوون و هەبوون هەیە)) ( استاد سید جلال الدین آشتیانی، ١٣٨٢: ٣٠)، بەو واتایەی باوەڕیان بە یەکێتیی بوون (وحدة الوجود) هەیە، کە لەبووندا یەک بوونی حەقیقی بوونی هەیە و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر نییە.

له جیهانبینی عیرفاندا ئەم بوونەش بوونی خودایە، واتە خودا حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەهایە (بۆ ئەوەی تووشی دووبارەبوونەوە نەبین لێرەدا باسی ئەمە ناکەین، لە بابەتی دوای ئەمە "حەقیقەتی بوون و جوانیی ڕەها لە عیرفاندا" ڕووندەکەینەوە)، بۆیە بوونناسیی عیرفانی هەمان خوداناسییە، واتە ((بوونناسیی ئەو هەمان خوداناسی دەبێت، چونکە هیچ شتێک جگە لە خودا هەبوونی نییە، بۆیە لە ڕاستیدا عیرفان بریتییە لە خوداناسی و لەبەرئەوەی خودا بوونی حەقیقی و ڕاستەقینەیە، بۆیە بە بوونناسیش ناودەبرێت)) ( دکتر علی اکبر افراسیاب‌پور،١٣٨٦: ٥١). کەواتە بوونناسیی عیرفانی لە هەوڵی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بووندایە و بەدوای حەقیقەتی بووندا دەگەڕێت.

## حەقیقەتی بوون و جوانیی ڕەها لە عیرفاندا

له بابەتی (بوونناسیی عیرفانی)دا تێگەیشتنێکی گشتیمان لە بارەی چەمکی بوون لە عیرفاندا خستەڕوو و گوتمان عاریفان بوون بە بوونێکی یەکتای سادە دەزانن، کە بنەڕەتی هەموو بوونەکانی ترە و بوونی هەموو هەبووەکان لەسەر بوونی ئەو وەستاوە، ئەو بوونەش خودی خودایە. جگە لەمە گوتمان حەقیقەتی بوون حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهاشە. ئەوەی لێرەدا کاری ئێمەیە بەیەکەوە بەستنەوەی ئەمانەیە، بەو واتایەی لێرەدا کاری ئێمە خستنەڕووی ئەوە دەبێت کە ئەو بنەمایانە چین کە لە جیهانبینی عیرفانیدا (حەقیقەتی بوون)ی لەسەر دادەمەزرێت؟ چۆن لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەوە حەقیقەتی بوون بە خوداوە پەیوەست دەکرێتەوە و خودی خودا بە حەقیقەتی بوون دەزانرێت؟ چۆن حەقیقەتی بوون لە هەمان کاتدا حەقیقەتی جوانیشە؟ بێگومان ئەگەر ئەمەمان کرد، ئەوا

گەیشتووین بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بوونناسی لە جوانیناسیی عیرفانیدا، چونکە ئەگەر بوون بە بوونێکی یەکتای سادە بزانین ((لەم کاتەدا هەر سیفەتێک بەسەر ئەم بوونەدا بچەسپێت ئەوا بەسەر هەموو دەرکەوتە و تەجەللاکانیشیدا دەچەسپێت. لە کۆتاییدا ئەگەر ئێمە ئەو بوونە یەکتا و سادەیە بە جوان بزانین ئەوا هەموو دەرکەوتەکانیشی جوان دەبن و لەم ڕووەوە عاریفان پێیان وایە بوون واتە جوانی)) ( دکتر علی کریمیان صیقلانی،١٣٩٢: ١١٢). ئێمەش لێرەدا لە هەوڵی خستنەڕووی ئەمەدا دەبین.

لە جیهانبینی عیرفانیدا چەمکی (بوون)، بەگشتی لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت، بە پێی ئەم دوو بنەمایەشە "بوون" پەیوەست دەکرێتەوە بە خودا و خودا بە حەقیقەتی بوون دەزانرێت. ئەم دوو بنەمایەش بریتین لە: ((

1. بریتییە لەو بوونەی کە هەمیشەییە و داماڵراوە لە گۆڕانکاری و هەموو جۆرە ناتەواوی و کەم و کورتییەک.

2. دووەمیان ئەو شتەی کە ئەسڵ و بنەڕەتی هەموو شت و بوونەکانە)) (سیروان جەبار ئەمین زەند،٢٠١١: ٧١).

بەپێی ئەو بنەمایانە ئەو شتە بە حەقیقەتی بوون دادەنرێت، کە ئەزەلی و ئەبەدی بێت و هەر لە ئەزەلەوە هەبووبێت و تا ئەبەدیش هەر بمێنێت و لەناو نەچێت، بەدرێژایی ڕۆژگار هەر یەک حوکمی هەبێت و گۆڕان ڕێی تێنەبات و هەر لە یەک باردا بمێنێتەوە. بوونێک بێت لە پلەی کەماڵدا بێت و دوور بێت و داماڵرابێت لە هەر جۆرە ناتەواوی و کەموکوڕییەک و لە ئەزەلەوە تا ئەبەد لە پلەی کەماڵی خۆیدا بمێنێتەوە. بوونێک بێت لە نەبوونەوە نەهاتبێتە بوون و

ڕێگایشی نەچێتەوە سەر (نەبوون). بوونێکی بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەربێت و بنەڕەتی بوونی خۆی لەسەر خۆی وەستابێت و هۆکاری تر بەشدار نەبێت لە بنەڕەتی بوونی خۆی، خۆی بنەڕەتی بوونی هەموو شتێک بێت و بوونی هەموو شتەکان لەسەر بوونی ئەو وەستابێت. بێگومان ئەو سیفەت و بنەمایانەش جگە لە ((خودا لەبارەی هیچ شت و بوونێکی تر یەکناگرێتەوە و راست دەرناچێت)) (سیروان جەبار ئەمین زەند،٢٠١١: ٧٠)، چونکە هیچ شت و بوونێک لەگەڵ ئەو بنەما و تایبەتمەندییانە نایەتەوە و یەکناگرێتەوە، بەو پێیەی هیچ بوونێک ئەزەلی و ئەبەدی نییە، هەموو شتێک لە نەبوونەوە هاتووەتە بوون و ڕێگەشیان دەچێتەوە سەر نەبوون و لەناوچوون. لە هەمان کاتدا هیچ بوونێک نییە لە پلەی کەماڵدابێت و بە دوور بێت لە ناتەواوی، بەدرێژایی ڕۆژگاریش گۆڕان ڕێی تێنەبات و هەر لە یەک باردا بمێنێتەوە. جگە لەمە هیچ بوونێک نییە سەرچاوەی هەموو بوون بێت و بنەڕەتی بوونی هەموو شتێکی لەسەر وەستابێت، خۆشی بوونێکی بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەربێت و بوونی خۆی لەسەر خۆی وەستابێت (جگە لە خودا). لەسەر ئەم بنەمایەشە لە جیهانبینی عیرفانیدا ((بوونی بنەڕەتی و حەقیقی هەر ئەو بوونە ڕەهایەیە، کە بوونی حەق-خودا- یان (واجب الوجود)ە یان بوونی قەدیم و ئەزەلییە، کە بوونی خودای باڵادەستە و سەرجەم جیهانیش بوونێکی دەرکەوتوو و نمایشکراو دەنوێنێ، کە لەسەر ئەو بوونە حەقیقییە وەستاوە)) (د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)،٢٠١٤: ١٠٩). بەم پێیە حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەها خودایە و هەموو بوونەوەرانی تر دەرکەوتن و سێبەری حەقیقەتی بوون (خودا)ن و بوونی حەقیقی تەنیا خودایە. بە باوەڕی (ئیبن عەرەبی) بوون خودی خودایە، نەک

ئەوەی خودا لەناو بووندا بێت، چونکە ئەگەر خودا لە ناو بووندا بوایە کۆتایی قەبووڵ دەکرد، بەڵام خودا خودی بوونە و بوونیشی خودی چییەتی (ماهیەت)یەتی (محمد جواد شمس،١٣٩٨: ٣٨٣). کەواتە لە جیهانبینی عیرفانیدا چەمک و واتای بوون تەنیا یەک شت دەگرێتەوە، کە ئەویش خودایە (مرتضی شجاری و لیلا قربانی الوار،١٣٩١: ١٣١).

لێرەدا زانیمان لە جیهانبینی عیرفانیدا خودا بنەڕەت و حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەهایە، ئەوەی مابێتەوە سەلماندنی جوانیی ئەو بوونەیە. ئەگەر حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەها خودا بێت، ئەوا خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، بەو پێیەی یەکێک لە نەوەد و نۆ ناوەکانی خودا (جوانی- جمال)ە و خودا خۆشی لە قورئاندا بە هەڵگری چەندین ناوی جوان ((فلە الاسماء الحسنی)) (سورەتی (الاسراء)، ئایەتی 110) ناساندووە، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د. خ)دا هاتووە ((ان الله جمیل یحب الجمال)) ( م. توسلی افشار،١٣٨٦: ٢٠٣). ئەمانە و چەندین بەڵگەی تر دەیسەلمێنن خودا خاوەنی سیفەتی جوانییە، سیفەتەکانی خوداش بەشێکن لە زاتی خودا و لە زاتی خودا جیا نین، واتە (("زات"ەکە عەینی "سیفەت"ەکەیە و "سیفەت"ەکەش هەمان "زات"ەکەیە)) (محمد عبدالرحمن ابراهیم رواندی،٢٠٠٤: ١٦٤)، کەواتە ((بوون خودی جوانی و خودی حەق "خودا"یە)) (دکتر علی اکبر افراسیاب‌پور،١٣٨٦:٤٧)، واتە خودا حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، بەم پێیە جوانیی خودا جوانییەکی ئەزەلی و ئەبەدییە، جوانییەکە لە پلەی کەماڵی خۆیدایە و دوورە لە هەر ناتەواوییەک، بەدرێژایی ڕۆژگار هەر وەکوو خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕان ڕێی تێنابات. جوانیی خودایی جوانییەکە بنەڕەتی خۆی لەسەر خۆی وەستاوە و خۆی بنەڕەت و حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، بنەڕەت و سەرچاوەی

گشت جوانییەکانی تر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و هەموو جوانییەکان دەرکەوتن و سێبەر و تیشکی جوانیی ئەون.

کەواتە لە جوانیناسیی عیرفانیدا باسی جوانی پەیوەستە بە باسی بوونەوە، بەو پێیەی لە جیهانبینی عیرفانیدا حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەها خودایە و خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، کەواتە خودا حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، جگە لە جوانیی خودا هیچ جوانییەکی تر بوونی نییە و ئەوەی هەیە تەنیا جوانیی خودایە، هەموو جوانییەکانی تر دەرکەوتەی جوانی ئەون و بنەڕەت و سەرچاوەیان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

**دەرکەوتنی جوانیی حەقیقەتی بوون لە گەردووندا**

ئەگەر لە جیهانبینی عیرفانیدا تەنیا یەک (بوون)ی تاک و تەنیا هەبێت و هیچ بوونێکی تر جگە لەو (بوون)ە نەبێت، ئەی کەواتە بوونی گەردوون و ئەوەی لەناویدایە چییە؟ بە واتایەکی ڕوونتر ئەگەر لە جیهانبینی عیرفانیدا تەنیا یەک بوون هەبێت، ئەی هەموو ئەو بوونانە چین کە هەن؟ وەکوو بوونی گەردوون و بوونی مرۆڤ و بوونی درەخت و ... هتد؟ لەم ڕووەوە عاریفان باوەڕیان بە یەکێتیی بوون (وحدة الوجود) هەیە، لەو باوەڕەدان تەنیا یەک بوون هەیە، ئەویش زاتی حەق (خودا)یە، کە حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەهایە و هەموو بوونەوەرەکانی تر دەرکەوتن و سایە و سێبەری ئەون (دکتر علی کریمیان صیقلانی،١٣٩٢: ١٠١). ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ((ئەسڵی هەر شتێک لە حەقیقەتدا بوونەکەیەتی و عالەمیش کە نەبوونە، بەهۆی "حەق"ەویە کە بوونی پەیدا کردووە و گەڕانەوەی هەموو شتێکیش هەر بەرەو ئەوە، بەڵکوو لە حەقیقەتدا، هەمووی

هەر ئەوە و بەس، جگە لەویش هیچ شتێکی تر وجودی نییە)) (محمد عبدالرحمن ابراهیم رواندی،٢٠٠٤: ١٩٦-١٩٧)، بۆیە لە جیهانبینی عیرفانیدا ((هەموو گەردوون و ئەوەی لە گەردووندا هەیە بە هەبوو ناودەبرێن و مەوجودن و ... لە ڕووی بوونەوە هەموو دەگەڕێنەوە سەر یەک بوون بوونی یەک بوون لەناو هەموو هەبووەکاندا بەدی دەکرێت، و ئەمەیش خاڵی بەیەکەوە بەستنی هەموو هەبووەکان و یەکێتی ئەو بوونەیە، کە لە هەبووە جیاواز و زۆر و فرەکاندا هەیە، کە ئەویش بریتییە لە بوونی ڕەهای خودا کە لە بنەڕەتدا یەکە و لە دەرکەوتندا زۆر)) (سیروان جەبار ئەمین زەند،٢٠١١:٧٥).

تیۆری یەکێتیی بوون (وحدة الوجود) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان لە جوانیناسیی عیرفانیدا، چونکە یەکێتیی بوونی عیرفانی لە هەمان کاتدا یەکێتیی بوونی جوانییە (دکتر علی اکبر افراسیابپور،١٣٨٦: ٤٦). بەو واتایەی ئەگەر لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەنیا یەک بوون هەبێت و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر نەبێت و سەرجەم هەبووەکان دەرکەوتن و سێبەری ئەو بوونە بن، بە سەرنجدان لەوەی کە ئەو بوونە حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، کەواتە هەموو هەبووەکان کە دەرکەوتن و سێبەری ئەو تاکە بوونەن، جوانن و جوانیی خودا لە هەموو دەرکەوتەکانی ڕەنگی داوەتەوە، بەمەش بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو جوانییەکان بۆ جوانیی ڕەها (خودا) دەگەڕێتەوە و هەموو جوانییەکانی تر دەبنە تیشک و سێبەری جوانیی ڕەها. کەواتە هەر هەبووێک بوونی لەسەر ئەو بوونە (خودا) وەستابێت، جوانە، بە سەرنجدان لەوەی هیچ شتێکیش نییە بنەڕەتی بوونی خۆی لەسەر خۆی وەستابێت جگە لە

خودا، کەواتە بنەڕەتی بوونی هەموو شتێک خودایە و بۆ خودا دەگەڕێتەوە، بۆیە هەموو گەردوون و بوون، جوانە.

عاریفان لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە یەکێتیی بوون هەموو گەردوون و ئەوەی لە ناویدایە بە جوان دەبینن، چونکە جوانیی خودا لە هەموو گەردووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە. لە جیهانبینی عیرفانیشدا دروستکردن و ئافراندنی گەردوون بە واتای تەجەللا و دەرکەوتنی خودایە (دکتر سید جعفر سجادی،١٣٩٣: ٢٢٣). لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەیە عاریفان پێیان وایە ((خلقت شتێک نییە جگە لە تەجەللا و دەرکەوتنی خالیق لە ڕوخساری دروستکراوە جۆراوجۆرەکاندا)) (دکتر علی کریمیان صیقلانی،١٣٩٢: ١١٣). عاریفانیش بە پشتبەستن بە فەرموودەی قودسی گەنجینەی شاراوە (کنز مخفی) عەشقی خوداوەند بۆ جوانی زاتی خۆی بە هۆکاری دروستکردن و ئافراندنی گەردوون دادەنێن، بۆیە لە جیهانبینیی عیرفانیدا ئافراندنی گەردوون بریتییە لە تەجەللای جوانیی خودا، بەو واتایەی هەموو گەردوون و جیهانی بوون لە تەجەللای جوانیی خوداوە بەدی هاتووە، بەو پێیەی ((کاتێک حەق دەردەکەوێت، جوانی لە جیهاندا پەیدادەبێت، جوانی کە لە جیهاندا پەیدابوو، وەکوو ئەوەیە، کە بوونەوەرەکان پەیدا بوون و بە پێچەوانەشەوە کاتێک بوونەوەرەکان پەیدابوون، واتە جوانی پەیدابوو، بۆیە گشت بوونەوەرەکان جوانن)) (علی محمد صابری،١٣٨٩:١٠٨-١٠٩). کەواتە هیچ گەردیلەیەک نییە لە گەردووندا جوانیی خودایان تێدا دەرنەکەوتبێت.

جگە لەمە چەندین ئایەتی قورئانی هەیە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە جوانیی گەردوون لە خوداوەیە و دەرکەوتنی جوانیی خودایە تیایدا. بێگومان خودا دروستکەر و ئافرێنەری گشت شتەکانە ((الله

خلق كل شیء)) (سورەتی (الزمر)، ئایەتی ٦٢) و هەر شتێکیشی دروست کردووە بە جوانترین شێوە دروستی کردووە (الذي احسن كل شیء خلقه)) (سورەتی (السجدة)، ئایەتی٧)، کەواتە هەموو گەردوون و دروستکراوەکان لە دروستکردن و ئافراندندا جوانن، ئەمەش بەو واتایەیە کە جوانیی خودا لە هەموو شتێکدا دەرکەوتووە. لە ئایەتێکی تردا هاتووە، خودا نوور و ڕووناکی ئاسمانەکان و زەوییە ((الله نور السموات والارض)) (سورەتی (النور)، ئایەتی٣٥). نووری خوداش جوانی و تیشکی جوانیی ئەوە، کەواتە گەردوون و جیهانی بوون جوانیی خودایە و جوانیی خودا لە سەرتاسەری گەردووندا دەرکەوتووە و ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە گەردوون لە لووتکەی جوانیی دایە و هیچ ناشرینییەک لە گەردوون و جیهانی بووندا نییە و بوون واتە جوانی.

## دەرکەوتنی جوانیی حەقیقەتی بوون لە مرۆڤدا

لە بابەتی پێشووتردا ئەوەمان خستەڕوو کە گەردوون بریتییە لە تەجەللای جوانیی خودا و لە تەجەللای جوانیی خوداوە بەدی هاتووە، بۆیە هەموو گەردوون و ئەوەی لەناویدایە جوانە، بەڵام پلە و پایەی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی تر جیاوازە، لەناو گەردووندا مرۆڤ جوانترین هەبووە کە خودا لەو پەڕی کەماڵی جوانی خۆی تیایدا تەجەللای کردووە، چونکە ((تەنیا مرۆڤەکان دەرخەری تەواوی گەوهەری گەنجینەی شاراوە "کنز مخفی"ن)) (جلیل پروین،١٣٨٩: ١٥٥). بەمەش مرۆڤ دەبێتە جوانترین دروستکراو و دەرکەوتەی خودا لەناو گەردوون و جیهانی بووندا، کە جوانیی خودای تێدا دەرکەوتووە، ئەم تێڕوانینەی عیرفانیش بۆ مرۆڤ کە جوانترین دروستکراوی خودایە و تەواوی جوانیی خودای

تێدا دەرکەوتووە، لەسەر چەند شتێک بنیاد نراوە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بیانخەینەڕوو.

له جیهانبینیی عیرفانیدا هەموو گەردوون و جیهانی بوون تەجەللا و دەرکەوتنی ناو و سیفەتەکانی خودایە، و هەر بوونەوەرێک و دروستکراوێک چەند ناو و سیفەتێکی خودای تێدا دەرکەوتووە نەک هەموو ناو و سیفەتەکان، بەڵام ئەوە تەنیا مرۆڤە کە تەواوی ناو و سیفەتەکانی خودای تێدا دەرکەوتووە (قاسم کاکایی،١٣٩٠: ٥٣-٥٨). ناو و سیفەتەکانی خوداش دیارخەر و نیشاندەری کەماڵاتی خودان، بەم پێیەش گەردوون و بوونەوەرەکانی ناوی بە شێوەیەکی بەربڵاو و پچڕپچڕ کەماڵاتی خودا نیشان دەدەن، بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بە یەکجار دەرخەری تەواوی کەماڵاتی خودایە (بهروز حسن نژاد،١٣٨٨: ١٢٨). واتای فەرموودەی ((خلق الله آدم علی صورته)) (علی محمد صابری،١٣٨٩:٢٢٦)یش هەر ئەو واتایە دەگەیەنێت. بە واتایەکی ڕوونتر ((خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروست کرد، بۆیە لە شێوەی هەموو ناوەکانی خۆی ئەفراند)) (قاسم کاکایی،١٣٩٠: ٥٣)، کەواتە مرۆڤ دەرخەری تەواوی جوانیی خودایە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر گەردوون ئاوێنەیەک بێت بۆ دەرکەوتنی جوانیی خودا تیایدا، ئەوا ((کامڵترینی ئەم ئاوێنانە، ئاوێنەی بوونی مرۆڤ بوو، کە خودا ئەو پەڕی جوانی خۆی تێدا دەبینی)) (مهدی کمپانی زارع،١٣٩١: ٢٦٤). لەم بارەیەشەوە ئیبن عەرەبی دەڵێت: ((هەر کە خودای مەزن ویستی شوێنەواری ناوە جوانەکانی خۆی بەرچاو بکەوێ لە گەردوونێکی کۆکراوەدا، گەردوونێکی بێگیانی داهێنا کە وەکو ئاوێنەیەکی لێڵ وابوو، خودا ویستی بریقە بخاتە ئاوێنەی جیهانەوە، ئادەم بووە ئەو

بریقەیە و گیانی ئەو وێنەیە)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان،٢٠١٠: ٩)، ئەمەش بەو واتایە دێت، ئەوپەڕی جوانیی خودا لە مرۆڤدا دەرکەوتووە و ڕەنگی داوەتەوە.

لە قورئانی پیرۆزیشدا لە چەندین ئایەتدا هاتووە، کە خودا مرۆڤی بە جوانترین شێوە دروستکردووە. خودای گەورە لە ڕێگەی فەرمانی (کن) ((وهو الذي خلق السماوات والارض بالحق ويوم يقول كن فيكون)) (سورەتی (الانعام)، ئایەتی ٧٣) هەموو زەوی و ئاسمانی تەنیا لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست کردووە ((إن ربكم الله الذي خلق السموات والأرض في ستة أيام)) (سورەتی (یونس)، ئایەتی ٣)، بەڵام مرۆڤ لەباری دروستکردنەوە لە پێگەیەکی بەرزتردایە، بەو پێیەی خودا لە ماوەی چل ڕۆژ بە دەستەکانی خۆی بوونی ماددی پێ دەبەخشێت (دکتر گل بابا سعیدی،١٣٨٤: ٢٦٦) و لە نەفخی ڕۆحی خۆیشیەوە ڕۆحی بەبەر دەکات ((ونفخت فيه من روحى)) (سورەتی (الحجرات)، ئایەتی ٢٩)، بۆیە مرۆڤ بە جوانترین شێوە دروستکراوە ((لقد خلقنا الانسان في أحسن تقويم)) (سورەتی (التین)، ئایەتی٤) خودای گەورە وێنەکەیشی بە جوانترین شێوە کێشاوە و نەخشاندوویەتی ((وصوركم فأحسن صوركم)) (سورەتی (غافر)، ئایەتی٦٤)، کەواتە مرۆڤ جوانترین دروستکراوی خودایە، ئەمەش بەو واتایەیە، کە خودا لەو پەڕی کەماڵی جوانیی خۆی لە مرۆڤدا تەجەللا کردووە و دەرکەوتووە، بۆیە ئەوپەڕی کەماڵی جوانیی خودا لە مرۆڤدا دەرکەوتووە و ڕەنگیداوەتەوە.

**بوون و جوانی له شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانیدا**

**حەقیقەتی بوون**

له جیهانبینی عیرفانیدا تەنیا یەک بوونی حەقیقی و ڕاستەقینه هەیە، که خودایه و جگه لەو بوونه هیچ بوونێکی تر وجودی نییه، بەو پێیەی بوونێکی ئەزەلی و ئەبەدییه و سەرچاوه و بنەڕەتی هەموو هەبووەکانی تره. شێخ نوورەدینیش که خۆی له ڕیزی عاریفانه، پێی وایه ئەوه عاریفی دانایه، که دەزانێت کامه بوون حەقیقەتی بوونه و کامەشیان بوونێکی حەقیقی و ڕاستەقینەی نییه، بۆیه ئەگەر ئەمه دەزانێت شتێکی سەیر نییه، چونکه له ڕاستییەکان و شته زۆر وردەکان شارەزایه و دەزانێت کامه بوون قەدیمه و کامه بوون حادیسه و کامه وجوده و کامه عەدەم (نەبوون)ە:

ژ حەقائیق ژ دەقائیق، ژ حەدیث و ژ قەدیم

ژ وجود و ژ عەدەم، عارفێ دانا چ عەجه ب (دیوان:٦٦)

ئەگەر له هەموو ئەو شتانەش شارەزابوو، ئەوا دەزانێت ئەسڵ و بنەڕەتی بوون و بوونی ڕەها کامەیه، بۆیه شێخ نوورەددین خۆی به شارەزا و دانا دادەنێت به ئەسڵ و بنەڕەتی بوون و بوونی ڕەها (وەحدەتی موطلەق) و پێی وایه ئەگەر مەعریفه و زانیاری سەبارەت به بنەڕەتی بوون و بوونی ڕەها وەکوو دەریایەک بێت، ئەوا من له کەناراوەکانی ئەم دەریایه و قوڵاییەکانی ئەم دەریایه و تەنانەت هەموو دەریاکه شارەزام، به واتا له ئاسته ڕووکەشەکه و ئاسته قووڵەکه و کۆی شتەکه شارەزام:

شارەزایێ وەحدەتا موطلەق، ئەمین

ساحل و قەعر و عومانم، ئەلغیاث (دیوان:١٠٦)

بۆیە لای شێخ نوورەدینیش ئەو تێڕوانینەی لە جیهانبینی عیرفانیدا بۆ (بوون) هەیە، لە هزری ئەویشدا هەیە و لەو باوەڕەدایە تەنیا یەک حەقیقەتی بوون هەیە و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر وجودی نییە و ئەوەی هەیە تەنیا وەهمە، بۆیە جگە لەو تاکە بوونە هەموو شتەکانی تر یەکسان دەکاتەوە بە خەیاڵی بەتاڵ و عەنقا و بە بوونێکی وەهمییان دادەنێت و دەڵێت:

ژ خەیالاتە مە دی جوملە خەیالن د بەتال

ئەحەدێ غەیری تە من دیتنە عەنقا، چ عەجەب (دیوان:٦٦)

واتە لە خەیاڵاتدا ئەوەی ئێمە بینیمان هەموویان خەیاڵی بەتاڵ و بێبنەمان، بۆیە سەیر نییە جگە لە تۆ، من هەر شتێکم بینیوە وەکوو بینینی عەنقا وابووە، لەم دێرە شیعرەدا پوختەی هزری شێخ نوورەددین لە بارەی واتای (بوون) ڕوون دەبێتەوە، چونکە لەم دێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لە هزری ئەودا یەک حەقیقەتی بوون هەیە و جگە لەو بوونە یەکتایە هەموو شتەکانی تر بوونی وەهمین و بوونێکی حەقیقی و ڕاستەقینەیان نییە، بۆیە دەڵێت هەموو ئەو شتانەی ئێمە بینیومانە لە ڕاستیدا هەموویان وەکوو خەیاڵن، تەنانەت نەک هەر خەیاڵن، بەڵکوو خەیاڵی بەتاڵن، چونکە خەیاڵ زۆر جار دەکرێت ببێت بە حەقیقەت، بەڵام خەیاڵی بەتاڵ و بێبنەما هەرگیز ناکرێت ببێت بە حەقیقەت، بۆیە دەڵێت من هەر شتێکی جگە لە تۆم بینیوە وەکوو بینینی عەنقا وابووە، چونکە تەنیا تۆ حەقیقەتی بوون و بوونێکی یەکتای و جگە لە تۆ ئەوەی هەیە بوونی وەکوو بوونی

عەنقا وایە، (عەنقاش باڵندەیەکی ئەفسانەییە و بوونێکی ڕاستەقینەی نییە)، بۆیە جگە لە تۆ کە حەقیقەتی بوونی، هەموو شتەکانی تر بوونێکی وەهمیان هەیە و بوونێکی حەقیقی و ڕاستەقینە نین، کەواتە یەک بوونی تاک و تەنیا هەیە، کە حەقیقەتی بوونە و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر بوونی نییە، لە هزری شێخ نوورەدیندا ئەو تاکە بوونەش خودایە:

مالیکەلمولکی موجەڕڕەد، تویی بێ شبهـ و نەظیر

تویی ڕەبێ قیدەمێ حاکم و پادشاهێ ما

(دیوان:39)

شێخ نوورەددین کە خودا بە حەقیقەتی بوون دادەنێت و پێی وایە جگە لەو بوونە (خودا)، هیچ بوونێکی تری حەقیقی و ڕاستەقینە نییە و هەموو بوونەکانی تر وەهمین، ئەم تێڕوانینە لای ئەو بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: خودا بوونێکی قەدیمە، قەدیم واتە ((شتێک هەمیشە بوونی هەبووبێت و هەرگیز باری نەبوونی بەخۆیەوە نەبینیبێت)) (سیروان جەبار ئەمین (زەند)،٢٠٠٧: ١٢٧)، شێخ نوورەدینیش کە دەڵێت: (توی رەبێ قیدەمێ)، واتە خودا بوونێکی قەدیمە، ئەزەلی و ئەبەدییە، بوونێکە لە نەبوونەوە نەهاتووەتە بوون و هەر هەبووە و قەت نەبووە کە نەبووبێت و هەر دەشمێنێتەوە و ڕێگەی ناچێتەوە سەر نەبوون، بەمەش دەبێتە بوونێک کە بنەڕەتی بوونی خۆی لەسەر خۆی وەستاوە و هیچ هۆکارێکی تر لە بنەڕەتی بوونی خۆی بەشدار نەبووە، واتە خودا (واجب الوجود)ە.

دووەم: ئەم بوونە (خودا) بنەڕەتی هەموو هەبووەکانی ترە و سەرچاوەی هەموو گەردوون و جیهانی بوون بۆ ئەو بوونە حەقیقییە دەگەڕێتەوە (مالیکەلمولکی موجەڕڕەد)، واتە تۆ تەنیا خاوەنی موڵک (گەردوون و جیهانی بوون)ی و هەمووی هی تۆیە، چونکە تۆ بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو گەردوون و جیهانی بوونی و بنەڕەتی هەموو شتێک بۆ تۆ دەگەڕێتەوە و هەموو گەردوون و جیهانی بوون لە بوونی تۆوە بوونی پەیدا کردووە، بەم پێیەش هەموو گەردوون و جیهانی بوون دەبن بە بوونێکی وەهمی. لەسەر ئەم بنەمایەشە شێخ نوورەددین خودا بە بوونێک دادەنێت کە جیهانگیرە و یەکتایە و دەڵێت:

دناسین ئەم تە سەلمایێ، جهانگیرێ مە یێک تایێ

ژ دونیایێ ژ عوقبایێ، عەیان و هەم نهان سەلما (دیوان:٥٩)

**حەقیقەتی بوون و جوانیی ڕەها**

لە عیرفاندا حەقیقەتی بوون، حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، بەو پێیەی خودا حەقیقەتی بوونە و خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە و سیفەتەکانیشی جیانین لە زاتی خۆی، بۆیە حەقیقەتی بوون لە هەمان کاتدا حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، جگە لە جوانیی خودا هیچ جوانییەکی تر بوونی نییە. شێخ نوورەددین، کە خودا بە حەقیقەتی بوون دادەنێت و پێی وایە جگە لەو بوونە یەکتایە هیچ بوونێکی تر بوونی نییە، ئەم تاکە بوونەش بە خاوەنی سیفەتی جوانی دادەنێت و دەڵێت:

صاحب جەمال و یەکتا، سەروا خڕام و هەمتا

ڤاژی کرن ژ قانوون، هەر دەفتەر و کەتائیب  (دیوان:٨٣)

کە سیفەتی جوانی بەم بوونە یەکتایە دەبەخشێت، سیفەتی (قەدیم)یش بە جوانییەکەی دەبەخشێت، چونکە ئەگەر ئەم بوونە یەکتایە بوونێکی قەدیم و ئەزەلی و ئەبەدی بێت، ئەوا جوانییەکەشی جوانییەکی قەدیم و ئەزەلی و ئەبەدی دەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر سیفەتەکانی خودا جیا نەبن لە زاتی و بەشێکبن لە زاتەکەی، ئەوا سیفەتەکانیشی هەڵگری هەمان ئەزەلی و ئەبەدییەت دەبن، لەم بارەیەوە شێخ نوورەددین دەڵێت:

کەڕەم و لوطف و نیگاراتە قەدیم

ژ ئەزەل بەهرە و مەنناح و چرا      (دیوان:٤٥)

کە دەڵێت (نیگاراتە قەدیم)، واتە جوانی و ڕازاوەیی و نەخش و نیگاری تۆ قەدیمە، ئەمە بەخشینی سیفەتی ئەزەلی و ئەبەدییە بە جوانیی ئەو بوونە یەکتایە (خودا)، چونکە جوانیی خودا ئەزەلی و ئەبەدییە، ئەوە نییە ڕۆژێک جوان بێت و ڕۆژێکی تر ناشیرین، بەڵکوو هەر لە ئەزەلەوە جوانییەکەی هەر هەبووە و تا ئەبەدیش هەر دەمێنێتەوە و بەدرێژایی ڕۆژگار جوانییەکەی هەر لە یەک باردا دەمێنێتەوە و گۆڕان ڕێی تێنابات. جگە لەمە لای شێخ نوورەددین ئەم بوونە یەکتایە بوونێکە لە پلەی کەماڵدایە و دوورە لە هەر ناتەواوی و کەم و کورتییەک:

تویی قوددوسێ ژ نوقصان و عیوبان، بەری

تویی سەبوحێ موطەههەر، دگری سیاهێ ما      (دیوان:٣٩)

واتە تۆ پیرۆزی و دووری لە هەر ناتەواوی و کەم و کورتییەک و پاک و بێگەردیشی، ئەمەش بەو واتایەیە، کە تۆ کەماڵی ڕەها و جوانیی ڕەهای، چونکە هەر شتێک لە ناتەواوی و کەموکورتی بەدووربوو، دەگاتە کەماڵی خۆی و هەر شتێکیش گەیشتە پلەی کەماڵ دەگاتە کەماڵی جوانی، کەواتە ئەم بوونە (خودا) نەک هەر تەنیا جوانە و خاوەنی جوانییەکی ئاساییە، بەڵکوو جوانییەکەی جوانیی ڕەهایە و لە کەماڵی خۆیدایە.

کە جوانیی خودا جوانییەکی ئاسایی نەبێت و جوانییەکی ڕەها بێت، ئەوا شێخ نوورەددین باسکردن لە جوانیی خودا لە دەرەوەی توانای خۆیدا دەبینێتەوە، ئەگەر خودا خۆی فورسەتێکی پێنەدات و پشتیوانی نەبێت لە سەرکەوتندا لە باسکردنی جوانیی خودا خۆی. لەو کاتەشدا ئەگەر خودا فورسەتێکی پێدا و لە سەرکەوتندا یارمەتیدەری بوو، ئەوکات قەڵەم باسێک لە شازادەی جیهان دەکات، بە واتا جوانی جوانان کە حەقیقەتی بوون (خودا – سەلما)یە:

ئەگەر دلبەر بدت فورسەت، مەدەد کارێ مە بت نەصرەت

قەلەم دێ بەحثەکێ ژێکەت، ژ شەهزادێ جهان سەلما

(دیوان:٦٠)

بێگومان ئەو وەسف و لێکچواندنانە بۆ نیشاندان و بەرجەستەکردنی جوانیی خودا کە جوانییەکی ڕەهایە و بەدەر لە وێناکردنی ئێمەیە، لەگەڵ جوانیی ڕەهای خودا نایەتەوە و یەکناگرێتەوە، بەڵام شاعیر ناچارە بۆ نیشاندان و بەرجەستەکردنی جوانیی خودا سوود لە ڕەهەندە دونیاییەکە وەربگرێت و لە ڕێگەیەوە جوانیی خودا نیشانبدات و بەرجەستە بکات، بەو واتایەی

هیچ کەرەستە و شتێکی تر لە بەردەستدا نییە، کە لە ئاستێکدابێت بتوانێت بە تەواوی دەرخەری جوانیی خودا بێت و لە ڕێگەیەوە جوانیی خودا بەرجەستە بکرێت، چونکە جوانیی خودا جوانییەکی ڕەها و بێ وێنەیە و هیچ شتێک ناتوانێت دەرخەری تروسکاییەک لە جوانیی خودا بێت، بەڵام شاعیر بۆ نیشاندان و بەرجەستەکردنی جوانییەکەی هەر ناچارە پەنا بباتە بەر زمانی مەجاز و لە ڕێگەی لێکچواندن یان بەراوردکردن لەگەڵ جوانترین شتەکانی ناو جیهانی بوون، جوانیی ئەو لە فۆرمێکدا بەرجەستە بکات و پیشانبدات، بۆیە ئەگەر سەیرێکی دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانمان بکەین دەبینین جوانیی خودا لە چەندین فۆرمدا بەرجەستەکراوە، وەکوو ئەوەی لە فۆرمی ئافرەتێکی جوان یان گوڵێکی جوان یان خۆر یان مانگ... هتد بەرجەستە کراوە، هەموو ئەمانەشیان بۆ ناساندن و نیشاندانی جوانیی ڕەهای خودایە لە بەرزترین ئاستدا. شێخ نوورەدینیش بۆ نیشاندان و بەرجەستەکردنی جوانیی خودا سوودی لە ڕەهەندە دونیاییەکە وەرگرتووە، و جوانیی خودای لە ڕێگەی زمانی مەجاز و لێکچواندن و بەراوردکردن لەگەڵ شتەکانی ناو جیهانی بووندا لە چەندین فۆرمدا بەرجەستە کردووە و لە بەرزترین ئاستدا نیشانیداوە:

حوسن و ذاتێ حەق ب تەقویم و جەمالا دلفروز

دلگوشابت مەهوەشا، سیماسەمەن زیوەر کوجا (دیوان:٤٨)

واتە ئەو جوانییەی کە لە زیوەر و گوڵی یاسەمەندا هەیە هیچ نییە بە بەراورد لەگەڵ جوانیی زاتی حەق (خودا)، چونکە ئەگەر جوانیی زاتی حەق بە پێوانەی ئەو جوانییە بێت، کە دڵ ڕووناک

دەکاتەوە، ئەوا جوانیی زاتی حەق وەکوو جوانیی مانگ وایە دڵ دەگەشێنێتەوە و دڵ ڕووناک دەکاتەوە، بۆیە یاسەمەن و زیوەر هەرچەندە جوانن، بەڵام جوانیی یاسەمەن و زیوەر بە بەراورد لەگەڵ جوانیی خودادا هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە.

کەواتە خودا جوانیی ڕەهایە و هیچ جوانییەک لەگەڵ جوانیی خودادا بەراورد ناکرێت، هەر بۆیە دەڵێت:

مە سەلما هەر تنێ دیبو، ژ خوبانێ جهان سەلما

قەسەم با وەجهێ سەلمایێ، تویێ یەک تەن عەیان سەلما

(دیوان:٥٩)

واتە ئێمە "سەلما"مان هەر بە تەنیا بینبوو لەناو جوانانی جیهاندا، بەو واتایەی (سەلما – خودا) لە ناو هەموو جوانانی جیهاندا یەکتایە و هیچ هاوشێوەیەکی لە جوانیدا نییە، بۆیە سەلما لە چیندا پادشایە و شاهنشای زەمانە، واتە جوانترینی جوانانە:

د چەشمان دا یەقین نوڕی، تو داغێ جان و ڕەنجوری

د چیندا تو ژ فەغفوری، شاهنشایێ زەمان سەلما

(دیوان:٥٩)

ئەگەر شێخ نوورەددین لە سەرەتادا داوای فورسەتێکی لە خودا دەکرد پێی بدات و لە سەرکەوتنددا یارمەتیدەری بێت، تاوەکوو قەڵەم بتوانێت باسێک لە جوانیی ئەو بکات، ئەوا قەڵەمەکەی نەیتوانیوە لە ئاست جوانیی ڕەهای خودا دابێت، چونکە شێخ نوورەددین نەک هەر باوەڕی وایە ئەمە لە توانای قەڵەمەکەی ئەودا نییە، بەڵکوو باوەڕی وایە لە توانای هیچ قەڵەمێکدا نییە لە ئاستی گوزارشتکردنی جوانیی

خودادا بێت، بۆیە پێی وایە ئەگەر دونیا هەمووی قەڵەم بێت بۆ ئەوەی جوانیی خودا بەدەربخەن و باس لە جوانیی خودا بکەن، ئەوا هێشتا لە ئاست باسکردنی جوانیی خودادانین و لە خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی جوانیی ئەو کورت دێنن:

عالەم هەمی قەلەم بی، دنیا هەمی شکەم بی

ظاهر بکن جەمالەت، تەقصیرە نینە ئیطناب

(دیوان:٨٧)

ئەمە تەحەددایەکە بۆ ئەوەی کە لە توانای هیچ قەڵەمێک و هیچ عەقڵێکدا نییە گوزارشت لە جوانیی خودا بکات و جوانییەکەی دەربخات، ئەمەش بەخشینی سیفەتی ڕەهاییە بە جوانیی خودا، کە جوانییەکەی لەو پەڕی کەماڵی خۆیدایە و شایەنی بەراوردکردن لەگەڵ هیچ جوانییەکی تردا نییە.

**یەکێتیی بوون**

شێخ نوورەددین باوەڕی بە یەک بوونی حەقیقی هەیە و ئەم بوونە حەقیقییەش بە بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو هەبووەکانی تر دادەنێت، ئەمەش بەو واتایە، کە باوەڕی بە یەکێتیی بوون هەیە، بەو واتایەی لای ئەو لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا یەک بوونی حەقیقی هەیە، کە خودایە و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر وجودی نییە و سەرجەم هەبووەکانی تر سێبەر و دەرکەوتەی ئەو تاکە بوونەن و بوونیان لەوەوە پەیداکردووە و بوونێکی جیا لە بوونی ئەو نین، هەموو ئەو فرەیی و زۆرییەی کە هەیە بۆ بوونی ڕەها (خودا)ی دەگەڕێنێتەوە و هەموو فرەییەکە بە دەرکەوتنی خودا دادەنێت و دەڵێت:

ژ کوثرەتێ وەحدەتا موطلەق، مەظاهر ئەر موعەییەن کت

چ هیممەتا ییێک دبێ واحد، (وما قلت نواسیت)        (دیوان:١٠٣)

واتە خودا کە بوونی ڕەهایە ئەگەر لە فرەیی (کثرت)دا ڕواڵەتەکان (بوونەوەرەکان) بەدیاربخات و ئاشکرا بکات، ئەوا ئەو بوونە هەر یەک بوونە، چونکە فرەیی لە بوونەکەدا نییە و لە دەرکەوتنەکانیدایە، بوونی ڕەهاش لەناو هەموو دەرکەوتنەکانیدا هەیە و هەموو دەرکەوتنەکانی لە یەک سەرچاوەوە بوونیان پەیداکردووە و بوونی هەموویان بۆ ئەو بوونە ڕەهایە (خودا) دەگەڕێتەوە، ئەمەش یەکێتیی ئەو بوونەیە، بەو واتایەی یەک بوون لەناو هەموو فرەییەکەدا هەیە ئەویش بوونی خودایە کە لە بنەڕەتدا یەکە و لە دەرکەوتندا زۆر. لەسەر ئەم بنەمایە شێخ نوورەددین دەڵێت:

قەدەحا عەکسی ژ کوثرەتێ بەرقا وەحدەتێ کر

مەگەر ئەڤ عەکسەیی بەرقا، قەدەحا شوعبە نەکی
(دیوان:١٦٤)

وێنەی ناو پیاڵەکە لە فرەییدا تیشکی یەکێتی ئەدایەوە، بەو واتایەی ئەگەر لە وێنەی ناو پیاڵەکەدا فرەییەک بەدیدەکرێت، ئەوا ئەو فرەییە تیشکی یەکێتی ئەداتەوە، چونکە یەک بوون لە ناو هەموو فرەییەکەدا هەیە کە بوونی خودایە، بۆیە ئەگەر تیشکەکانی ناو پیاڵەکە کە فرەییەکەن، خۆت بەش بەشی نەکەی، ئەوا ئەو تیشکانە

ئەگەر فرەییش دروستبکەن هەر یەکێتییەکە بەدەردەخەنەوە. لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەشەوە دەڵێت:

واجب و مومکنە عالەم ب قورئان ئایەتێ ذات

ژ تە حاشا کو جودابن، ژ تە حاشا چ عەجەب

(دیوان:٦٦)

لێردا شێخ نوورەددین بوونی هەموو گەردوون و جیهانی بوون بە بوونێکی جیا لە بوونی خودای نابینێت، چونکە ئەگەر هەموو گەردوون و جیهانی بوون لە ڕووی بوونەوە (ممکن الوجود) بێت و خوداش (واجب الوجود) بێت، ئەوا لە دیدی ئەودا گەردوون و جیهانی بوون هەم (واجب)ە و هەم (ممکن)ە، چونکە هەموو گەردوون و جیهانی بوون هەم بوونی لە لایەن خوداوە پێبەخشراوە (لێرەدا دەبێتە ممکن)، هەم بوونی خوداش لەناو گەردوون و جیهانی بووندا دەرکەوتووە و ڕەنگیداوەتەوە (لێرەدا دەبێتە واجب)، و سەرچاوە و بنەڕەتی هەموو گەردوون و جیهانی بوون بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆیە هەموو گەردوون و جیهانی بوون لە یەکێتیدا دەبینێتەوە و دەڵێت:

ئەز د باغێ وەحدەتێ، گەریامی من دی لێ فەضا

یێک لوێ میرەک دنێ، هەر وەصفەکێ مانەند و حەنەث

(دیوان:١١٦)

لەبارەی شێخ نوورەدینەوە (ئیبراهیم ئەحمەد شوان) دەڵێت: ((دەتوانم بڵێم شێخ نوورەددی شاعیری یەکبوونە لە ئەدەبی کوردیدا)) (پ. د. ابراهیم احمد شوان،٢٠١٢: ٢٥١)، چونکە شێخ

نوورەددین وەکوو ئەزموونە عیرفانییەکە لەگەڵ خودادا بە یەکبوون گەیشتووە، بۆیە بوونی خۆی بە بوونێکی جیا لە بوونی خودا نابینێت، بە جۆرێک پێی وایە خۆی و خودا هەر یەکن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە و دەڵێت:

نە دووین بەلکی یەکین، ئەز بخو فەرقێ ناکم

چکو ڕوح و قدوسین، مریەم و عیسا چ عەجەب

(دیوان:٦٤)

لێرەدا شێخ نوورەددین بوونی خۆی و خودا بە دوو بوونی جیاواز نابینێت و پێی وایە هەردوو بوونەکە هەر یەک بوونن، چونکە هەردووکیان خاوەنی ڕووحولقودوسن، هەروەها پێی وایە (مەریەم و عیسا)ش بوونەکەیان هەمان بوونی خودایە، چونکە خودا لە ڕۆحی خۆی ڕۆحی کردووە بەبەر مەریەمدا و دواتر هەر بە فوی خۆشی عیسا لە مەریەم دروست بووە، کەواتە بەم پێیە بێت خاوەنی ڕووحولقودوسین و بوونمان لە بوونی خودا جیا نییە. لە دێرێکی تردا شێخ نوورەددین ئەمە بەیەقینی دووپات دەکاتەوە و دەڵێت:

ئەز بخو فەرقێ قەناکم، ئەز ئەوم یا ئەو ئەزم

(کل شیئ هالک)، لێ هەر تنێ یەک مایە شەب

(دیوان:٦٩)

واتە من قەت جیاوازی ناکەم من ئەوم یان ئەو منە، چونکە ئەگەر بوونمان لە یەکتر جیا نەبێت و من ئەو بم یان ئەو من بێت، هیچ جیاوازییەکی نییە و هەردووکی هەر یەک شتە، کەواتە ئەوەی هەیە تەنیا یەک بوونە و هەموو شتێکیش لەناو دەچێت و ئەوەی

دەمێنێتەوە تەنیا ئەو بوونەیە (خودا). لەم بارەیەوە عاریفی گەورە شێخ مەحموودی شەبستەری دەڵێت: ((لە خزمەتی حەزرەتی "حەق – خودا"دا دوو نییە _ لەوێدا "من" و "ئێمە" و "تۆ" نییە، "من" و "تۆ" و "ئێمە" و "ئەو" هەمووی یەک شتە، چونکە لە "یەکێتی"دا جیاکردنەوە نییە_لەگەڵ دەرکەوتنی خودا شتی تر تیا دەچێت_"وا دەزانین ئاماژەیە بە دەقی قورئانی "کل شیء هالک الا وجهه" لەوێدا سۆفی و ڕێگاکەی و ئامانجەکەی دەبن بە یەک")) (د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)،٢٠١٤: ٣٥) بۆیە شێخ نوورەددین دەڵێت:

ڤێ جەفایێ هەر ل نەفسا خو د کەت

بەس یەکین بێ شک نە ثانی، ڕاست و چەپ

(دیوان:٧٨)

ئەوە ستەمە لە نەفسی خۆت دەکەی ئەگەر بوونی خۆت بە جیا لە بوونی خودا بزانیت، چونکە لە ڕاست و چەپەوە هەمووی هەر بوونی خودایە و بێگومان ئێمەش لەگەڵ خودادا یەک بوونین، نەک دوان و بوونێکی جیا لە بوونی ئەو نین. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە شێخ نوورەددین پێی وایە:

سرڕێ لاهوتی بەناسوتی مە هەر مەمزوجە لەو

وەحدەتا موطلەق ژ تەوحیدا مە سرڕێ لایە شەب

(دیوان:٧٠)

ڕازی لاهووتی تێکەڵ بە ناسووتییە و ئەگەر ڕازی لاهووتیش تێکەڵ بە ناسووتی بێت، ئێمەش کە ناسووتییەکەین هەر تێکەڵین بە ئەو (ڕازی لاهووت)، کەواتە ئەوەی هەیە هەمووی یەک بوونە و

ئەگەر بتەوێت ئەم یەکێتییە ڕەهایەش لە یەکبوونی ئێمەدا ببینیت، ئەوا ڕازێکە لە توێی شەودا دەبینرێت.

لێرەدا خستنەڕووی ئەم بابەتە (یەکێتیی بوون) وەکوو بنەمایەک بوو بۆ بابەتەکانی دواتر، چونکە ئەگەر لای شێخ نوورەددین یەک بوونی حەقیقی و ڕاستەقینە بوونی هەبێت و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر بوونی نەبێت و سەرجەم هەبووەکانی تر دەرکەوتنی ئەو بوونەبن و سەرچاوە و بنەڕەتی بوونیان بۆ ئەو بگەڕێتەوە، کەواتە خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، بە سەرنجدان لەوەی خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، کەواتە جوانیی خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، ئەمەش بە واتای یەکێتیی بوونی جوانییە.

**دەرکەوتنی حەقیقەتی بوون لە گەردووندا**

هەموو گەردوون و جیهانی بوون بریتییە لە تەجەللا و دەرکەوتنی خودا، خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، بۆیە هیچ گەردیلەیەک نییە لە گەردووندا خودا تیایدا تەجەللای نەکردبێت و دەرنەکەوتبێت، شێخ نوورەدینیش هەمان دید و تێڕوانینی هەیە و پێی وایە هەموو گەردوون و بوون تەجەللای زاتی خودایە، بۆیە خودا لە هەموو زەڕڕەیەکی بووندا دەرکەوتووە و دەڵێت:

دل ما دنا بەرقا شهود، ذاتی تەجەللا کر وجود

سانا ڕوحی سەردا سجود، ظاهر دبو ژ هەر ذەڕڕەتێ

(دیوان:٢١١)

ئەگەر هەموو گەردوون تەجەللا و دەرکەوتنی خودا بێت و خودا لە هەموو زەڕڕەیەکی گەردووندا دەرکەوتبێت، ئەمە بە واتای بەدیهاتنی فرەییە لە تاکدا، چونکە خودا خۆی یەکە، بەڵام کاتێک تەجەللا دەکات و دەردەکەوێت ئەوا لە دەرکەوتنەکەیدا فرەیی دروست دەبێت، بۆیە شێخ نوورەددین پێی وایە وەحدەت فرەیی لەگەڵدایە، چونکە خودا کە (کنزی مخفی)یە کە شێخ نوورەددین بە (عالەما مەخفی) ناوی دەبات، کاتێک دەبێت بە کردەوە، بە واتا کاتێک تەجەللا دەکات و دەردەکەوێت فرەییەکەی لە دەرکەوتنەکەیدا دەبێت، بۆیە هەموو گەردوون و جیهانی بوون کە دەیبینین هەمان دەرکەوتنی عالەمی مەخفییە و هەموو گەردوون و جیهانی بوونیش کە تەجەللا و دەرکەوتنی عالەمی مەخفییەکەن هەمان فرەییەکەن:

وەحدەتا کەثرەت دگەل دا، دل تەجەللا بێ خەلەل دا

عالەما مەخفی عەمەل دا، ڕوحێ چاڤ دا کەثرەتێ

(دیوان:٢١٠)

عاریفان کە لەو باوەڕەدان هەموو گەردوون تەجەللای خودایە، بۆیە هەموو شتێکی ئەم گەردوونەش لە خودادا دەبیننەوە و پێیان وایە هەموو شتێکی ئەم گەردوونە لە خوداوەیە، لەم بارەیەوە شێخ نوورەددین دەڵێت:

مەطەفا عەنبەر و مسکێ د دنێدا ژ تەبو

د مەشامێ و د ئەنوفێ، هەمە کوندر طەمەفا

(دیوان:٤٤)

یاخود دەڵێت:

جەوهەرێ عالەمێ، من سەح کو دکر

ژ تە عالەم من ددی، نەبیێک سەدا

(دیوان:٤٢)

شێخ نوورەددین لە خودادا گەردوون دەبینێت، چونکە هەموو گەردوون تەجەللای ئەوە. لەم دێرەی خوارەوەشدا کاتێک سەیری جیهان دەکات شێوەی خودا لە جیهاندا دەبینێتەوە، چونکە خودا لە هەموو جیهاندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە:

هەمە عالەم مە کو دی، صورەتێ رەحمانی دمینت

ب حەقیقەت دە نەما، طەلعەیێ سیمین جەبەها کچ

(دیوان:١١٧)

هەر ئەم دید و تێڕوانینەشە بووەتە هۆی ئەوی کە شێخ نورەدین زاتی حەق (خودا) لەو غونچەیەدا ببینێتەوە کە هێشتا نەپشکوتووە و دەمی بەتەواوی نەکراوەتەوە، وەک دەڵێت:

عەینی تەعیناتێ حەقی، دا دلێ عارفی شەفەق

من دییە ذاتێ حەق ژ ڤێ، غونچەیێ دەر کەمینە لەب

(دیوان:٨٩)

شێخ نوورەددین کە خودا لە هەموو گەردووندا دەبینێتەوە، بەمەش گەردوون وەکو ئاوێنەیەک دەبینێت بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی خودا تیایدا، بۆیە پێی وایە لە ئەبەددا هەردوو جیهان دەرکەوتن و ئاوێنەی خودان:

ژ خولد کو دوو جیهان، جلوه و میرئاته چ بێژم

دل ژ کێ ڕابه، پڕی سوجده و تەعظیمی ژ کێرا

(دیوان:٦٣)

مەبەست لە دوو جیهان، جیهانی (خەلق) و جیهانی (ئەمر)ە، ((جیهانی "خەلق" جیهانێکە کە "ماددە" و "زەمان"ی تێدابێ، وەک فەلەکەکان و عونسورەکان و "موالید" (کە سێ دانەن: ڕووەک و شتە بێگیانەکان و بونەوەران)، کە جیهانی "خەلق" و جیهانی "موڵک" و جیهانی "شهادت" یشی پێ دەڵێن. جیهانی "ئەمر"یش جیهانێکە بە فەرمانی بەدی هێنەرەکەی، بەبێ "ماددە" و بێ "زەمان" پەیدا بووبێ، وەک عەقڵەکان و نەفسەکان، کە جیهانی "مەلەکووت" و جیهانی "غەیب"یشی پێ دەڵێن. ئەم دوو جیهانە هەردووکیان لە یەک نەفسی رەحمانی کە بریتییە لە تەجەللی خوداوەند لەناو "کثرت'ەکانەوە، پەیدابووە)) (محمد عبدالرحمن ابراهیم رواندی،٢٠٠٤: ١٩٢)، بۆیە شێخ نوورەددین کە هەردوو جیهانەکە بە دەرکەوتن و ئاوێنەی خودا دەبینێت، دەڵێت سوجدە بۆ کوێ بەرین کە هەمووی هەر تۆی، بە واتا هەردوو جیهانەکە هەر تۆی. لە دێرێکی تردا دەڵێت:

ئائینەیا حەقیقەتێ، گەر تو ب حەقی عارفی

وەر تو ببینە سوڕەتێ، ئائینەیێ جهانەڕا

(دیوان:٥٨)

واتە ئەگەر تۆ بەڕاستی عاریفی، دەتەوێت ئاوێنەی حەقیقەت ببینیت، وەرە ببینە وێنەی حەقیقەتەکە، کە ئاوێنەی هەموو جیهانیشە، یاخود بە واتایەکی تر ئەگەر بەڕاستی تۆ عاریفی، وەرە شێوە و ڕوخساری حەقیقەت ببینە لە ئاوێنەی جیهاندا، چونکە جیهان ئاوێنەیەکە بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی خودا تیایدا.

**دەرکەوتنی جوانیی حەقیقەتی بوون لە گەردووندا**

تاوەکوو ئێرە ڕوونبووەوە لە هزری شێخ نوورەدیندا یەک بوونی حەقیقی و ڕاستەقینە بوونی هەیە و ئەو بوونەش خودایە، هەروەها ئەوەش ڕوونبووەوە، کە شێخ نوورەددین باوەڕی بە یەکێتیی بوون هەیە و بنەڕەتی بوونی هەموو گەردوون و جیهانی بوون بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە و لەسەر ئەم بنەمایەش پێی وایە هەموو گەردوون تەجەللای خودایە و خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، بەم پێیەش ئەگەر هەموو گەردوون تەجەللای خودا بێت و خودا لە هەموو گەردووندا دەرکەوتبێت، بە سەرنجدان لەوەی کە خوداش خاوەنی سیفەتی جوانییە، کەواتە جوانیی خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا دەرکەوتووە، چونکە هەر سیفەتێک بۆ خودا بچەسپێت بۆ هەموو دەرکەوتنەکانیش دەچەسپێت. لێرەدا لە هەوڵی خستنەڕووی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی جوانیی حەقیقەتی بوون (خودا) دەبین لە گەردووندا.

لە هزری شێخ نوورەدیندا هەموو گەردوون و بوون، واتە جوانی، چونکە ئەو هەموو گەردوون و جیهانی بوون بە تەجەللای جوانیی خودا دەبینێت و پێی وایە زەڕڕە زەڕڕەی گەردوون و

جیهانی بوون لە جوانیی خوداوە بەدیهاتووە و دروستبووە، ئەمەش هەمان واتای فەرموودەی قودسی (كنز مخفی)یە، كە عاریفان بە پشت بەستن بەم فەرموودەیە هەموو گەردوون و جیهانی بوون بە تەجەللای جوانیی خودا دەبینن و پێیان وایە گەردوون و جیهانی بوون لە جوانیی خوداوە بەدیهاتووە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

ژ جەمالا ئەحەدییەت، وەهـ دبینم کو جودا بو

زەڕڕە زەڕڕە هەمە عالەم، ژ نیگار و نیگەها کچ

(دیوان:١١٧)

ئەگەر هەموو زەڕڕەیەکی گەردوون و جیهانی بوون لە جوانیی خوداوە جیابووبێتەوە، ئەمە بە واتای ئەوەیە هەموو گەردوون و جیهانی بوون تەجەللای جوانیی خودایە و لە جوانیی ئەوەوە دروست بووە، بۆیە شێخ نوورەددین لە دێڕێکی تردا دەڵێت، نێرگز لە جوانیی تۆوەیە و لە جوانیی تۆوە بەدی هاتووە و دروست بووە:

مەطەفا ظاهر و باطن ژ تە نوری فەتح کر

ژ جەمالاتە و قەددا تەیە نێرگز، طەمەفا

(دیوان:٤٥)

شێخ نوورەدین، دروستبوون و بەدیهاتنی گەردوون لە جوانیی خوداوە بۆ عاشقبوونی خودا بۆ جوانیی زاتی خۆی دەگەڕێنێتەوە، چونکە بەپێی فەرموودەی قودسی (كنز مخفی) خودا سەرەتا عاشقی جوانیی خۆی بوو، لە ئەنجامی ئەم عەشقەش بۆ جوانیی خۆی، گەردوون و بوونی لە جوانیی خۆیەوە ئافراند، بەم پێیەش خودا خۆی، هەم بووە عاشق و هەم بووە مەعشووق، عەشقیش کە

بەرهەمی ئەم عاشق و مەعشووقییە بوو لە دەرەوەی ئەم دووانەدانەبوو، لەم ڕووەوە دەڵێت:

بەیەقین یوسفێ مصری و زولەیخایا زەمانی

عالەمێ تەن کو طەلەب کارە، ژ ڤێ موحتەشەمێرا

(دیوان:٦٣)

واتە تۆ هەم عاشقی و هەم مەعشووقی، هەم یوسفی و هەم زولەیخای، یوسف و زولەیخاش هێما و ڕەمزی عەشق و جوانین و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدا هەبوو عاشقبوون بە جوانی بوو، لەبەرئەوەی زولەیخا عاشقی جوانیی یوسف بوو، عەشقیش کە بەرهەمی ئەم پرۆسەیە بوو لە دەرەوەی ئەم عاشق و مەعشووقییەی یوسف و زولەیخادا نەبوو، ئینجا بێینە سەر نیوە دێری دووەم، شێخ نوورەددین دەڵێت جیهانی مادده قەرزاری ئەو شکۆ و مەزنییەیە، کامە شکۆ و مەزنی؟ ئەو شکۆ و مەزنییەی لە نێوان یوسف و زولەیخادایە، کەواتە جیهانی بوون بۆ قەرزاری ئەم عەشق و شکۆ و مەزنییەیە؟ چونکە ئەگەر ئەم عەشقە نەبوایە گەردوون و جیهانی بوون دروست نەدەبوو و بەدی نەدەهات، ئەم عەشقەش عەشقی زولەیخایە بۆ جوانیی یوسف کە دەکاتە هەمان عەشقی خوداوەند بۆ جوانیی زاتی خۆی، کە بەهۆی ئەم عەشقەوە هەموو گەردوون و جیهانی بوونی لە جوانیی خۆیەوە ئافراند. دەکرێت بڵێین ئەم دێرە شیعرە وەرگێڕان و داڕشتنەوەیەکی شاعیرانەی زۆر پوخت و جوانی واتای فەرموودەی قودسی (کنز مخفی)یە.

شێخ نوورەددین کە دونیا بە ئاوێنەیەک دەبینێت بۆ دەرکەوتنی جوانیی خودا تیایدا، دەڵێت ئەگەر بەڕاستی عاریفی، وەرە تۆ شێوەی حەقیقەت ببینە لە ئاوێنەی جیهاندا کە جیهان ئاوێنەیەکە بۆ دەرکەوتنی خودا تیایدا:

ئائینەیا حەقیقەتێ، گەر تو بحەقی عارفی

وەر تو ببینە سورڕەتێ، ئائینەیێ جهانەڕا
(دیوان:٥٨)

ئەم دەرکەوتنەی خوداش لە ئاوێنەی جیهاندا بە دەرکەوتنی جوانیی شێوەی ئەوە لە ئاوێنەکەدا، چونکە شێخ نوورەدین، کە دەڵێت وەرە شێوەی خودا لە ئاوێنەی جیهاندا ببینە، لە دێری دواتردا دەڵێت ئەم ئاوێنەیە (دونیا) وێنەی حەق (خودا)ی بەدیارخستووە و پیشانداوە، بەڵام چ وێنەیەکی خودا؟ وێنەیەکی جوانیی شێوەی ئەوی دەرخستووە و پیشانداوە، کە جیلوەکەی بە کەشف و تیشکەوەیە، بە دەرکەوتنی جوانیی خوداش لە ئاوێنەی جیهاندا وەکوو دەرکەوتنی لەشێکی جوان و زیوینە لە شەودا:

قەنجی ببینە سورڕەتێ، نوسخەیێ حەق نما کری

جلوە ب کەشف و پڕتەون، سیمتەنا شەبانەڕا   (دیوان:٥٨)

کاتێک گەردوونیش دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دەرکەوتنی جوانیی خودا، ئەوا هەموو گەردوون دەبێتە جوانیی خودا، شێخ نوورەددین دەڵێت کاتێک ئاوێنە بە حەق جیلوەی دا و جوانیی حەق (خودا)ی خستەڕوو، بەمە جوانیی خودا هەموو گەردوون و بوونی داگرت و لە هەموو گەردووندا ڕەنگیدایەوە و یەک پێکهاتەی جوان و بەیەکەوە

گونجاوی خستەڕوو، بەمەش سپێدە تاجی جوانی لەسەر تەوقی سەری دانا، واتە بە دەرکەوتنی جوانیی خودا لە ئاوێنەی گەردووندا، هەموو گەردوون بوو بە جوانیی خودا:

میرئات کو جلوەیا بحەقی دا

داگرتی وجود و یێک نەسەق دا

صوبحێ کو دەما ظەلامی شەق دا

دەورا قەمەری ژ بەر، شەفەق دا

کو سپێدە ل فرقێ، سەرنیها تاج (دیوان:٢٣٦)

ئەگەر هەموو گەردوون و بوون ئاوێنەیەک بێت بۆ دەرکەوتنی جوانیی زاتی خودا تیایدا، ئەوا شێخ نوورەددین دەڵێت هەر چەندە جوانیی خودا لە دوورە و لە فیراقدایە، واتە لە جیهانی لاهووتدایە، بەڵام هەڵدەستێت و لە مانگدا خۆی بەدەردەخات و تەجەللا دەکات، لەو کاتەشدا کە خودا جوانیی زاتی خۆی لە مانگدا بەدەردەخات و خۆی دەنوێنێت، ئەوا کەرەم و بەخشندەییە لەگەڵ ئێمەی دەکات، چونکە ئەگەر خۆی دوور بێت و لە جیهانی لاهووتدا بێت و دەستمان پێی نەگات ئەوا لە مانگدا جوانییەکەی خۆی بۆمان بەدیار دەخات، هەروەها دەڵێت:

یان بەری ئافاقێ زولمەت ڕابتن وەقتێ سەحەر

مەهـ تەجەللادەت دنێ، ماهێ تەمام ئەقمەر کوجا
(دیوان:٤٩)

لەسەر بنەمای تێڕوانینی سەرەوە شێخ نوورەددین دەڵێت من لە هەر شوێنێک ئامادەبم خوداش لەوێدا ئامادەیە، چونکە خودا لە

هەموو گەردووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، بە سەرنجدان لەوەی خوداش خاوەنی جوانییە، کەواتە جوانییەکەشی لە هەموو گەردووندا دەرکەوتووە، بۆیە شێخ نوورەددین کە لە هەر شوێنێکدا ئامادەدەبێت، خودا لە هەموو شتێکدا دەبینێت، کەواتە جوانیی خودا لە شتەکاندا دەبینێتەوە و خودا بە جوانییەکەیەوە دەبینێت، بە سەرنجدان لەوەی کە جوانیی خوداش جوانیی ڕەهایە، بۆیە شێخ نوورەددین کە خودای بینیوە، لەو پەڕی جوانی بینیویەتی، بۆیە دەڵێت من جوانییەکم بینیوە، کە هیچ جوانییەکی لەگەڵدا بەراوردناکرێت و هیچ شتێک شایەنی بەراوردکردن نییە لەگەڵ جوانیی ئەودا:

هەرکوجا حازر ببم، حازر تویی لێ هەر کوجا

من فەلاحەک دی ژ نەسرینا مەیا عەرعەر کوجا

(دیوان:٤٨)

**دەرکەوتنی حەقیقەتی بوون لە مرۆڤدا**

لە ناو هەموو گەردوون و جیهانی بووندا، ئەوە تەنیا مرۆڤە کە لە پلەی تایبەتتردایە لە باری دەرکەوتنی حەقیقەتی بوون (خودا) تیایدا، چونکە سەرباری ئەو پێوەندییە گشتییەی کە لەگەڵ گەردووندا تیایدا هاوبەشە سەبارەت بە دەرکەوتنی حەقیقەتی بوون تیایدا، چەند شتێکی تر هەن وایان کردووە مرۆڤ جیاوازتر بێت و لە پلەیەکی تایبەتتردا بێت بە بەراورد لەگەڵ گەردوون و هەموو ئەوەی لەناو گەردووندا هەیە، بۆیە ئەگەر خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا دەرکەوتبێت و تەجەللای کردبێت، ئەوا لەو پەڕی کەماڵی خۆیەوە لە مرۆڤدا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە. لەم

ڕووەشەوە شێخ نوورەددین کە باوەڕی بە دەرکەوتنی خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا هەیە، ئەوا مرۆڤ لە پلەیەکی تایبەتتر دەبینێت، چونکە ئەگەر هەموو گەردوون و ئەوەی لەناویدا هەیە هەریەکەیان هەڵگری چەند ناو و سیفەتێکی خودابن و چەند ناو و سیفەتێکی خودایان تیادا دەرکەوتبێت و ڕەنگیدابێتەوە، ئەوا لەناو هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەنیا مرۆڤە کە تەواوی ناو و سیفەتەکانی خودای تیادا دەرکەوتووە و ڕەنگیداوەتەوە، لەم بارەیەوە شێخ نوورەددین باوەڕی وایە هەموو ناو و سیفەتەکانی خودای تیادا دەرکەوتووە و ڕەنگیداوەتەوە، بەم هۆیەشەوە خۆی لە سەرتاسەری کەون و گەردوون بەرزتر دەبینێت:

تجلت لي صفات الله فى أسنى معانيها

فلاحت لي بها الأكوان قاصيها ودانيها
(ديوان:٤٣)

لەسەر ئەم بنەمایەشە شێخ نوورەددین خۆی بە بوونەوەرە سەرسوڕهێنەرە گەورەکە ناو دەبات و خۆی بە پیرۆزی ناو گەردوون و جیهانی بوون دادەنێت، ئەمەش مەزنی مرۆڤ دەردەخات بە بەراورد لەگەڵ هەموو گەردوون و ئەوەی لەناویدا، کە تەواوی سیفەتەکانی خودای تیادا دەرکەوتووە:

أنا الأعجوبة الأكبر أنا الأنبوبة الأبهر

أنا القدوس في الكونين أحوالي أعاجيب (ديوان:٩٣)

شێخ نوورەددین ئەم تەجەللا و دەرکەوتنەی خوداش لە مرۆڤدا بە کەماڵی مرۆیی دادەنێت، چونکە پێی وایە مرۆڤ بە کردارەکانی

خۆی نییە دەگاتە کەماڵ، بەڵکوو کردارەکانی دەرخەری کردارەکانی خودایە، بۆیە مرۆڤ دەگاتە پلەی کەماڵ، ئەمەش هەمان ئەو واتایەیە کە عاریفان کار و کردەوە مرۆییەکانیش بە جیلوەی حەق (خودا) دادەنێن و لەو باوەڕەدان هەموو کار و کردەوەکانی مرۆڤ جۆرێک لە جیلوەی حەقن، کە بە شێوەی کار و کردەوەی مرۆیی دەردەکەون (دکتر علی اکبر افراسیابپور،١٣٨٦: ٦٢). لەم بارەیەوە دەڵێت:

نە ب تەحقیقێ عەمەل، هاتییە مەیدانێ کەمال

مەظهەرێ فعلێ حق و لوطفێ شەهێ ئەکبەرە غەوث

(دیوان:١١١)

کەواتە ئەگەر خودا لە مرۆڤدا تەجەللای کردبێت و دەرکەوتبێت، بەمە مرۆڤ دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی خودا تیایدا، بۆیە شێخ نوورەددین دەڵێت ئێمە بە هەزاری خۆمانەوە ئاوێنەیەکین بۆ زاتی خودا:

ب فەقیری دگرین ئاینەیا هەیئەتێ ذات

تێک بەبنیت عەسکەرێ بەدرێ، قە مەعنا چ عەجەب

(دیوان:٦٦)

ئاوێنەبوونی مرۆڤیش جیاوازە لە ئاوێنەبوونی گەردوون بۆ دەرکەوتن و تەجەللای خودا تیایدا، چونکە ئەگەر هەموو گەردوون ئاوێنەیەک بێت بۆ دەرکەوتنی خودا تیایدا، ئەوا مرۆڤ کاملترین ئاوێنەیە کە خودا تیایدا دەردەکەوێت و ڕەنگدەداتەوە، بۆیە شێخ نوورەددین کە دەڵێت شێخ ئاوێنەی خودای منە، ئەم ئاوێنەیە بە ئاوێنەیەکی ئاسایی دانانێت، بەڵکوو بە ئاوێنە کاملەکەی دادەنێت، کە

خودای تیادا دەرکەوتووە، چونکە دەڵێت (خوش نەینکا ڕەببێ منە)، خوش نەینک، بە واتا ئاوێنە کامڵەکەیە بۆ دەرکەوتنی خودا تیایدا:

شێخ کەعبەیا قیبلا منە، خوش نەینکا ڕەببێ منە

من ئەو بەسە حەسبێ منە، ئەو چێترە ژبو قیبلەتێ

(دیوان:٢٠٢)

بوونی شێخ بە ئاوێنەیەکی کامڵ بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی خودا تیایدا جگە لەوەی بەشێکی پێوەندی بەوەوە هەیە، کە مرۆڤ ئاوێنە کامڵەکەیە بۆ دەرکەوتنی خودا تیایدا، بەشەکەی تری پێوەندی بەوە هەیە، کە لە عیرفاندا شێخ نموونەی مرۆڤی کامڵە، بۆیە شێخ بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤەکانی تر دەبێتە کامڵترین ئاوێنە بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی خودا تیایدا.

بێگومان هەر شتێک لە ئاوێنەدا دەربکەوێت، ئاوێنە هەمان شت دەخاتەڕوو و ڕەنگی ئەو شتە دەگرێت کە تیایدا دەردەکەوێت، بە واتایەکی تر ئاوێنە دەبێتە وێنەیەکی ئەو شتەی کە تیایدا دەردەکەوێت و ڕەنگدەداتەوە، چونکە هەر شتێک لە ئاوێنەدا دەربکەوێت، ئاوێنە جگە لە وێنەی ئەو شتە هیچی تر ناخاتەڕوو و پیشان نادات، بۆیە ئاوێنەکەش دەبێتە وێنەیەکی ئەو شتەی تیایدا دەرکەوتووە. شێخ نوورەدینیش کە شێخ بە ئاوێنەی خودا دەبینێت ئەم ئاوێنەیەش (شێخ) بە وێنەیەکی خوداوەند دەبینێت:

جەبهەتا وی شێخێ شەریف، عەکسا خوداوەندێ لەطیف

وەجهێ من مووەکێ ضەعیف، ظاهر تبو ژ صورەتێ

(دیوان:٢٠٢)

واتە ڕووی شێخ وێنەی خوداوەندە، دەکرێت بڵێین ئەمە هەمان واتای فەرموودەی ((خلق الله آدم علی صورته)) (علی محمد صابری،١٣٨٩: ٢٢٦)یە، چونکە ئەگەر خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی ئافراندبێت، بەمەش مرۆڤ شێوەی خودا دەنوێنێت، شێخیش کە وێنەی خوداوەندە، واتە هەمان شێوەی خوداوەند دەنوێنێت، لە نیوەدێری دووەمدا، شێخ نوورەددین ڕووی خۆشی بە وێنەی خوداوەند دادەنێت، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕووی شێخ ڕووی ئەو وەکوو مووێکی زەعیف وایە لە وێنەی خوداوەند، واتە شێخ نوورەددین ڕووی خۆی بە وێنەیەکی کاڵتری وێنەی خوداوەند دادەنێت، چونکە شێخ بەبەراورد لەگەڵ شێخ نوورەددین نموونەی مرۆڤی کامڵە، کە مرۆڤی کامڵیش بوو، ئاوێنەیەکی کامڵتریش دەبێت بۆ دەرکەوتنی خوداوەند تیایدا، کە ئاوێنەیەکی کامڵتریش بوو، وێنەیەکی کامڵتریش دەبێت.

## دەرکەوتنی جوانیی حەقیقەتی بوون لە مرۆڤدا

شێخ نوورەددین ئەگەر هەموو گەردوون و جیهانی بوون بە تەجەللای جوانیی خودا دابنێت و پێی وابێت جوانیی خودا لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، ئەوا مرۆڤ بە بەرواورد لەگەڵ هەموو گەردوون و ئەوەی لەناویدایە بە جوانترین تەجەللای جوانیی خودای دەبینێت، کە خودا بەو پەڕی کەماڵی جوانیی خۆیەوە تیایدا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، وەک دەڵێت:

نباه بالأيادي حققوه النسخة الصغرى

بنى في أحسن التقويم من تصوير بانيها

(ديوان:٤٣)

ئەمە دەریدەخات لای شێخ نوورەدین مرۆڤ ئەو پەڕی کەماڵی جوانیی خودای تیادا دەرکەوتووە، چونکە ئەگەر هەموو گەردوون و جیهانی بوون بە فەرمانی (کن) بوونی پێبەخشرابێت، ئەوا خودا بە دەستەکانی خۆی بوونی بە مرۆڤ بەخشیوە و ئافراندوویەتی، شێخ نوورەددین پێی وایە لەم ئافراندنەشدا وێنەیەکی بچوک بەدی هاتووە، کە بچوککراوەی وێنە گەورەکە (خودا)یە، ئەم وێنە بچوکەش بە جوانترین شێوە دروستکراوە و دروستکردنەکەی لەسەر شێوەی دروستکەرەکەی بووە، ئەمەش هەمان واتای فەرموودەی ((خلق الله آدم علی صورتە)) (علی محمد صابری،١٣٨٩: ٢٢٦)یە، کەواتە ئەگەر مرۆڤ وێنەیەکی بچوکی وێنە گەورەکە بێت و دروستکردنەکەی لەسەر شێوەی دروستکەرەکەی بێت، ئەمە بەو واتایەیە ئەو پەڕی کەماڵی جوانیی خودا لە مرۆڤدا تەجەللای کردووە و ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە شێخ نوورەددین جوانیی مرۆڤ بۆ جوانیی خودا دەگەڕێنێتەوە و پێی وایە سەرچاوەی هەموو جوانییەکان خودایە و ئەوە خودایە کە هەموو جوانییەکانی لێوە بەدی هاتوون. بەم پێیە هەر خوداش جوانکارەکە و ڕازێنەرەوەکەی مرۆڤە و تاج و کڵاو دەخاتە سەر سەری مرۆڤ، تاج و کڵاو خستنەسەریش بە واتای خەملاندن و ڕازاندنەوە و جوانی و شکۆ پێبەخشین دێت، ئەمەش بەو واتایەیە کە خودایە جوانی و شکۆ بە مرۆڤ دەبەخشێت:

تویی تەصویرێ دکی، نوطفەیی ئەز شکلێ نیکو

تو نیکوکارێ مەبی، تاج دهـ و کولاهێ ما

(دیوان:٣٩)

ئەم دەرکەوتنەی جوانیی خوداش لە مرۆڤدا بووەتە هۆی ڕوونکردنەوەی دڵ و گیان و لەشی مرۆڤ، چونکە کە جوانیی خودا تەجەللای کرد، تیشکی جوانییەکەی لە دڵ و گیانی مرۆڤدا ڕەنگیدایەوە و بەمە دڵ و گیان و لەشی ڕوونبوونەوە، واتە هەرسێکیان، دڵ و گیان و لەشی مرۆڤ هەڵگری جوانیی خودان و جوانیی خودا تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە:

وەحدەت دگەل سرڕا صەمەد، حوسنا تەجەللا یا ئەحەد

ڕون کر دل و جان و جەسەد، پەرتەو گەهاند ڤێ موهجەتێ

(دیوان:٢٠٤)

کاتێک کە جوانیی خودا لە مرۆڤدا دەردەکەوێت و ڕەنگدەداتەوە و دەبێتە هۆی ڕوونبوونەوەی دڵ و گیانی مرۆڤ، لەو کاتەدا ناخی مرۆڤ دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی جەماڵ و جەلالی خودایی تیایدا، کە جەماڵ و جەلالی خوداش تیایدا ڕەنگیدایەوە، بەهۆیەوە ناخی مرۆڤ دەبێتە ماڵێک بۆ تەختی کەماڵ:

ئەڤ عارفێ وێ بێ میثال، باطن جەمال و یەک جەلال

مەنزلگەها تەختێ کەمال، نێزیکە دێ پێ خو دەتێ

(دیوان:٢١٠)

شێخ نورەدین کە باوەڕی وایە ئەو پەڕی جوانیی خودا لە مرۆڤدا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، بەم دەرکەوتنەشەوە

خۆی لەسەر هەموو جیهان بە مانگ دادەنێت، و پێی وایە خۆی دەرکەوتەی خودایە و بەمەشەوە بووەتە خاوەنی تەخت و تاجی پاشایەتی، ئەمەش وای لێکردووە ببێتە مانگێک لەسەر هەموو جیهان:

بخو فەیضا ئیلاهم ئەز، ب تەخت و شاه کولاهم ئەز

ل سەر عالەم چ ماهم ئەز، شرین و خەسرەوم یارەب

(دیوان:٧٩)

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی گەیشتووین، بریتین لە:

- باسی جوانی لای شێخ نوورەددین باسێکی بووناسییە، بەو پێیەی پرس و بابەتی جوانی لای ئەو پەیوەستە بە باسی (بوون)ەوە.
- لای شێخ نوورەددین خودا حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەهایە و ئەم بوونەش (خودا)، حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە.
- شێخ نوورەددین باوەڕی بە یەکێتیی بوون هەیە و لای ئەو یەکێتیی بوون لەهەمان کاتدا یەکێتیی بوونی جوانییە، چونکە لای ئەو تەنیا یەک بوونی حەقیقی و ڕاستەقینە هەیە کە خودایە، پێی وایە جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی تر وجودی نییە و سەرجەم هەبووەکانی تر تەجەللا و دەرکەوتنی ئەوون. ئەم بوونەش (خودا) حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە، بۆیە پێی وایە جگە لە جوانیی خودا هیچ جوانییەکی تر بوونی نییە و هەموو جوانییەکانی تر تەجەللا و دەرکەوتنی جوانیی ئەوون.

- شێخ نوورەددین هەموو گەردوون و جیهانی بوون بە تەجەللا و دەرکەوتنی جوانیی خودا دەبینێت، کە هەموو گەردوون لە جوانیی خوداوە بەدی هاتووە و دروستبووە، بۆیە پێی وایە جوانیی خودا لە هەموو گەردیلەیەکی گەردوون و جیهانی بووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە، و هەموو گەردوون و جیهانی بوون ئاوێنەیەکە بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی جوانیی خودا تیایدا، بەمەش لای ئەو بوون، واتە جوانی.

- شێخ نوورەددین لەناو هەموو گەردوون و جیهانی بووندا مرۆڤ بە کامڵترین ئاوێنە دەبینێت کە جوانیی خودا تیایدا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە.

## سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**ا/ کتێب**

- بوون و کات، مارتن هایدیگەر، وەرگێڕان و پێشەکی: د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2013.

- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2014.

- دیوانا شێخ نورەدینێ بریفکانی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2002.

- ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای (مەحوی) و (حافزی شیرازی)، د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس _ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2014، ل 39.

- فەلسەفەی بوون، د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، 2014.

- ئەدەبی کۆنی کوردی، پ. د. ابراهیم احمد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2012.

- ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، د. محەمەد کەمال، چاپی سێیەم، بلاوکراوەی یانەی قەڵەم، سلێمانی، 2011.

**ب/ فەرهەنگ**

- فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2010.

**د/ نامەی ئەکادیمی**

- ئەشعەرییەت لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، سیروان جەبار ئەمین (زەندی)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، هەولێر 2007.

- عیشق لەلای مەلای جەزیری و حافزی شیرازی، محمد عبدالرحمن ابراهیم رواندی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، هەولێر، 2004.

- مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفە و عیرفان لە شیعرەکانی ((مەحوی))دا، سیروان جەبار ئەمین زەند، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر، 2011.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

- المعجم الفلسفي، مراد وهبه، دار قباء الحديثة للطباعه والنشر والتوزيع، القاهرة، 2007.

**سێیەم: بە زمانی فارسی**

**ا/ کتێب**

- تنزيه و تشبيه در مكتب و دانته و مكتب ابن عربى (بەهمراه بررسى پيشينه بحث در اسلام و دين ودايى)، محمد جواد شمس، چاپ اول، نشر اديان، قم، 1389.

- حديث عشق: عشق از ديدگاه چهار متفكر، على محمد صابرى، مقدمه: دكتر شهرام پازوكى، چاپ اول، نشر علم، تهران، 1389.

- عرفان جمالى: (زيبايى پرستى ايرانى در انديشەهاى عين القضات، روزبهان، ابن عربى، ابن سبعين و حافظ)، دكتر على اكبر افراسيابپور، چاپ اول، انتشارات ترفند، تهران، 1386.

- عشق در اديان و ملل و عرفان اسلامى در ايران، م. توسلى افشار، چاپ اول، نيكان كتاب، زنجان، بهار 1386.

- وحدت وجود به روايت ابن عربى و مايستراكهارت، قاسم كاكايى، چاپ ششم، انتشارات هرمس، تهران، 1393.

**ب/ گۆڤار**

- ابن عربی و مسأله سریان زیبایی در هستی، دکتر علی کریمیان صیقلانی و دکتر سیدمصطفی مختاباد، فصلنامه اندیشه دینی دانشگاه شیراز، پیاپی (43)، تابستان 1391.
- جمال جلال و جلال جمال–پژوهشی قرآنی، عرفانی، ادبی، سید محمد راستگو و سید محمد فرید راستگوفر، مجله علمی پژوهشی مطالعات عرفانی، دانشکده علوم انسانی دانشگاه کاشان، شماره 10، پاییز و زمستان 1388.
- نفی اشتراک معنوی مفهوم وجود در عرفان و حکمت متعالیه، مرتضی شجاری و لیلا قربانی الوار، حکمت معاصر (پژوهشگاه علوم انسانی و مطلعات فرهنگی)، سال سوم، شماره دوم، پاییز و زمستان 1391.
- وجود شناسی عرفانی، زکریا بهار نژاد، فصلنامه علمی – پژوهشی دانشگاه قم، سال هشتم، شماره دوم.

**ج/ فەرهەنگ**

- فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، دکتر گل بابا سعیدی، چاپ دوم، انتشارات شفیعی، تهران، 1384.
- فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی، چاپ دهم، انتشارات طهوری، تهران، 1393.
- فرهنگ فلسفی، دکتر جمیل صلیبا، ترجمه: منوچهر صانعی درەبیدی، چاپ چهارم، انتشارات حکمت، تهران، 1393.

**ملخص**

هذا البحث الموسوم ب(العلاقة بين الوجودية و علم الجمال العرفاني في اشعار الشيخ نورالين البريفكاني)، محاولة لاظهار هذه العلاقة في اشعار الشاعر و تبين النظرة العرفانية تجاه مفهوم الجمال و الوجود في نظام فكري عرفاني و اخيرا تخريجها في اشعار شيخ نورالدين البريفكاني.

في البداية وضح البحث مفهوم الوجود و الوجودية بشكل عام و بعدها فلسفة العرفان و من ثم بينت علاقة الجمال و الجمال العرفاني مع الوجود و الوجودية.

وفي النهاية جاء البحث بامثلة لهذه النظرة الى الوجودية و علم الجمال العرفاني و علاقتهما في اشعار الشيخ نورالدين البريفكاني.

**Summary**

This research which is entitled (The relation between existentialistic and theosophical aesthetics in the poets of Sheikh Nuradini Brifkani) is an attempt to show and shed light on the mentioned relation in the Brifkani’s poems. In another word, the research sheds light on the perspective and theosophical philosophy to the concept of existence and esthetic in theosophical mindset, then refers and expresses it in Sheikh Nuradini Brifkaini’s poets.

In the beginning, the concept of existence and existentialistic have been generally explained, later on existence and existentialistic in theosophical philosophy have been discussed. Furthermore, the concept of esthetic and theosophical aesthetics in relation with theosophical existentialistic has been offered.

In conclusion, examples have been presented to explain the relation between the perspective of existence and theosophical aesthetic in Sheikh Nuradini Brifkaini’s poets. It means the principles of such perspective in the poet’s poem has presented and analyzed as an evidence that he believed in such mindset.